**ITALIE** : Michele ACHILLI, Président de la Commission des Affaires Etrangères du Sénat ; Giacchè ALDO ; Silvano ANDRIANI ; Georgio Carlo ARGAN, ancien maire de Rome ; Arribo BALDRINI; Ugo BENAM ; Giovanni BERLINGUER ; Lonello BERTOLDI ; Romana BIANCHI ; Giuseppe BOFFA ; Aroldo CASCIA ; Giuseppe CHIARANTE ; Gerardo CHIAROMONTE, directeur du journal "l'Unità" ; Giorgio CISBANI ; Vecchi CLAUDIO ; Vito CONSOLI ; Armando COSSUTA ; Salvatore CROCETTA ; Angelo DIONISI ; Isa FERRAGUTI ; Antonio FRANCHI ; Menotti GALEOTTI ; Carmine GAMOFALO ; Guido GEROSA ; Lorenzo GIANOTTI ; Franco GIUSTINELLI ; Antonio GRAZIANI ; Franco GRECO ; Nicola IMBRIACO ; Raniero LA VALLE ; Luciano LAMA, vice-président du Sénat ; Franco LONGO ; Pasquale LOPS ; Maurizio LOTTI; Archimede Casadei LUCCHI ; Francesco MACIS ; Ettore MASINA ; Gianni MATTIOLI ; Luigi MERIGGI ; Giorgio NAPOLITANO ; Carla NESPOLO ; Adalberto NINUCCI ; Gian-Carlo PAJETTA ; Ugo PECCHIOLI; Onofrio PETRARA ; Piero PIERALLI ; Mario PINNA; Renato POLLINI ; Giovanni RANALLI ; Margheriti RICCARDO ; Dr Hans RUBNER ; Ersilia SALVATO; Franco SALVI, vice-président de la Commission des Affaires Etrangères du Sénat ; Massimo SCALIA ; Umberto SCARDAONI ; Giovanna SENERI ; Rino SERRI ; Stojan SPETIC, secrétaire de la Commission des Affaires étrangères du Sénat ; Ugo SPOSETTI ; Antonio TARAMELLI,ancien président de la Province de Milan; Giglia TEDESCO ; Giorgio TORNATI ; Graziella TOSSI BRUTTI ; Tullio VERCHIETTI ; Ugo VETERE ; Giuseppe VIGNOLA ; Roberto VISCONTI ; Giuseppe VITALE ; Paolo VOLPONI ; Benigno ZACCAGNINI, ancien secrétaire de la Démocratie Chrétienne.

**PAYS-BAS** : Ria BECKERS, président du Groupe du Parti radical au Parlement ; B. GAAYFORTMAN ; E. RENSMAN.

**R.F.A.** : Jürgen MARI ; Regina MICHALIK ; Johann MULLER ; Jürgen REERTS ; Christian SCHMIDT ; Renate SCHMIDT ; Eberhard WALDE.

**PARLEMENT EUROPEEN** : Luciana CASTELLINA, Italie ; Gianni CERVETTI,Italie ; H. D'ANCONA, Pays-Bas ; Dr Joachim DALSASS, Sud-Tyrol, Italie ; Winifred EWING, président du Scottish National Party, Grande Bretagne ; Stanley NEWENS, Grande Bretagne ; Eddy NEWMAN, Grande Bretagne ; Jiri PELIKAN, Italie ; Marisa RODANO, Italie ; Henry SABY, vice-président du groupe socialiste, France ; Lalla TRUPIA, Italie.

**SUEDE** : Lahja EXVER ; Hans-Göran FRANCK ; Olaf JOHANSSON, président du parti du Centre ; Oskar LINDKVIST ; Bert SVENSSON ; Goran SVENSSON ; Erkki TAMMENOKSA ; Lars WERNER, président du parti VPK ; Bengt WESTERBERG, chef du Parti Libéral ;

**USA - SENATEURS*** : Brock ADAMS ; Kent CONRAD ; Wendell FORD ; Albert GORE ; Bob GRAHAM ; Daniel K. INOUYE ; Carl LEVIN ; John MELCHER ; Clairborne PELL, président du Foreign Affairs Committee du Sénat ; William PROXMIRE ; Donald W. RIEGLE.

**USA - MEMBRES DU CONGRES** : John CONYERS ; George CROCKETT ; James J. JEFFORDS ; Tom LANTOS, co-président du "Human Rights Caucus" de la Chambre ; Joe MOAKLEY ; Constance A. MORELLA ; James OBERSTAR ; Nancy PELOSI ; Ted WEISS.

## ORGANISATIONS

Nuri ABDUL-RAZAQ, président de l'Organisation de Solidarité Afrique-Asie ; Amar BENTOUMI, secrétaire général de l'Association internationale des Juristes démocrates; Pierre BERCIS, président des Nouveaux Droits de l'Homme, France ; Michel BLUM, avocat, président du Comité spécial des O.N.G. auprès de l'O.N.U.; PierreBRANA, secrétaire national aux Droits de l'Homme du P.S., France ; Jason W. CLAY, Cultural Survival inc., Harvard, USA ; Harlem DESIR, président du SOS Racisme, France ; Raphaël DOUEB, secrétaire général de la Fondation France-Libertés, France ; Julio Anguita GONZALES, secrétaire général du Parti communiste d'Espagne ; Dr Bruno HOSP, Secrétaire général du SVP du Sud-Tyrol ; Yves JOUFFA, président de la Ligue française des Droits de l'Homme ; G. LE NEOUANNIC, secrétaire national de la FEN, France ; Leo MATARASSO, avocat, président d'honneur de la Ligue internationale pour les droits et la libération des peuples, France ; Yannick SIMBRON, secrétaire général de la FEN, France.

* Les sénateurs américains tiennent à demander également aux autorités gouvernementales d'Iran, d'Irak et de Syrie d'abolir toutes les interdictions et restrictions frappant la langue et la culture de leurs citoyens kurdes.

# TINA KULTURA KURDÎ LI TIRKÎYÊ

*Enstituya Kurdî ya Parîsê bovê kampanyayê ji 2000 şexsîyetên muhîm û bi nav û deng re name şandiye û bi hinekên wan re jî yek ser çûne qise kirine.*

*Deng û olana vê kampanyayê li hemû dinê hate bihîstin, li tirkiyê rojnamên Tercuman û Mîllîyet û kovara 2000'e Doğru dûr û dirêj qala vê kampanyayê kirin.*

*Rojnamên sereke yên dinê; Le Monde (30.06.1988) û Herald Tribun (29.06.1988) jî lîsta ew kesên ku beşdarî vê kampanyê bûne çap kir. Ev kampanya wê her sal di 3'ê Adarê de were berdewam kirin. Li jêrê em lîsta ku di Le Monde (30.06.88) de derketiye çap dikin.*

## INTERNATIONAL APPEAL IN DEFENSE OF KURDISH CULTURE IN TURKEY

Like every human community, the Kurdish people have the right to preserve their cultural heritage and to freely express their identity. The Kurds' ancient culture is part of the world's cultural patrimony. The product of centuries of history, the work of generations, it deserves, like all other cultures, respect and protection. That is why the undersigned, guided by the principles proclaimed in the United Nation's Charter, the Universal Declaration of Human Rights and the international covenants on human rights, opposed to all forms of intolerance and discrimination, concerned with justice and democracy, urge the Turkish authorities to abolish all constitutional and legal bans on the use of the Kurdish language and, more generally, on all cultural expressions of the millions of Kurdish citizens of Turkey.

**PRIX NOBEL**

Christian B.ANFINSEN, USA ; Kenneth J. ARROW, USA ; Herbert C. BROWN, USA ; Herbert A. HAUPTMAN, USA ; François JACOB, France ; Sir John KENDREW, Grande Bretagne ; Jean-Marie LEHN, France ; Salvador E. LURIA, USA ; André LWOFF, France ; Mairead Corrigan MAGUIRE, Irlande ; Louis NEEL, France ; Adolfo PERES ESQUIVEL, Argentine ; J.C. POLANYI, Canada ; Ilya PRIGOGINE, Belgique ; Carlo RUBBIA, Italie ; Claude SIMON, France ; Desmond TUTU, Afrique du Sud ; S. VAN DER MEER, Pays-Bas ; George WALD, USA ; Elie WIESEL, USA.

**ARTISTES**

Nestor ALMENDROS, Argentine ; BARBARA, France ; Maurice BEJART, France ; Ingmar BERGMAN, Suède ; Jane BIRKIN, Grande Bretagne ; Juan CEDRON, Argentine ; Gérard DEPARDIEU, France ; Miguel Angel ESTRELLA, Argentine ; France GALL, France ; Francis GIROD, France ; Roger HANIN, France ; HIGELIN, France ; Malak-Djahan KHAZAI, Iran ; Parviz KIMIAVI, Iran; Catherine LARA, France ; Ariane MNOUCHKINE, France ; Yves MONTAND, France ; Hugo SANTIAGO, Argentine ; Ettore SCOLA, Italie ; Mrinal SEN, Inde ; Fernando SOLANAS, Argentine ; Bertrand TAVERNIER, France ; Frères TAVIANI, Italie ; Gian Maria VOLONTE, Italie.

**ECRIVAINS ET JOURNALISTES**

Rodney AITCHTEY, Grande Bretagne ; Hani AL-FIKAIKI, Iraq ; Kadim AL-SAMAWI, Iraq ; Rafael ALBERTI, Espagne ; Jorge AMADO, Brésil ; Giancarlo ANGELONI, Italie ; Père Ernesto BALDUCCI, Italie ; Salim BARAKAT, Syrie ; Ruben BAREIRO-SAGUIER, Paraguay ; Caroline BEHR, Grande Bretagne ; Marshall BERMAN, USA ; Jean BERTOLINO, France ; Claude BOURDET, France ; Robert BRECHON, secrétaire du Pen Club français ; Gérard CHALIAND,France ; Didier DECOIN, France ; Régine DESFORGES, France ; Margret DRABBLE, Grande Bretagne ; Umberto ECO, Italie ; Salim FAKHRY, Iraq ; Jean-Pierre FAYE, France ; Michel FLEURET, France ; Lady Antonia FRAZER, présidente du Pen Club britannique ; Marisa GIOFFRE, USA ; Victoria GLENDINING, Grande Bretagne ; André GLUCKSMANN, France ; Alan GUINSBOURG, USA ; Nora GUTTMAN, USA ; HAJI-SEYED-DJAVADI, Iran ; Marek HALTER, France ; Michael HOLROY, Grande Bretagne ; Bernard LANGLOIS, France ; Claude LANZMANN, France ; Penelope LIVELY, Grande Bretagne ; Joyce LUSSU, Italie ; M. MAHJOOBI, Iran ; Eduardo MANET, Cuba ; Claude MAURIAC, France ; Emily Arnold McCULLY, USA ; Arthur MILLER, USA ; Juliette MINCES, France ;; Alberto MORAVIA, Italie ; Abdul-Rahman MUNIF, Arabie Saoudite ; Jan MYRDAL, Suède ; Esmail NOORIALA, Iran ; Manuel Zapata OLIVELLA, Colombie ; Juan Carlos ONETTI, Uruguay ; Grace PALEY, USA ; Octavio PAZ, Mexique ; Gilles PERRAULT, France ; Harold PINTER, Grande Bretagne ; Augusto ROA-BASTOS, Paraguay ; Bernice Ruth RUBENS, Grande Bretagne ; Severo SARDUY, Cuba ; Tom STOPPARD, Grande Bretagne ; René TAVERNIER, vice-président international du Pen Club ; Hélène TOURNAIRE, France; Kathryn WATTERSON, USA ; Linda WOLFE, USA ; Sa'di YOUSSIF, Iraq .

**UNIVERSITAIRES**

Samuele Sabino ACQUAVIVA, Université de Padoue, Italie ; Richard ADAMS, Université du Texas, USA ; Jalal Sadiq AL-ADM, Université de Damas, Syrie ; Hadi AL-ALAWI, historien, Iraq ; Michel BANKS, London School of Economics; Hanna BATATU, Georgetown University, USA; Cyril BELSHAY, Université de British Columbia, Canada ; M. BENCHIKH, Université d'Alger ; Terry CANNON, Thames Polytechnic, Grande Bretagne ; Gustave CHOQUET, membre de l'Académie des Sciences, France ; Claude COHEN-TANNOUDJI, professeur au Collège de France ; Harvey COX, Université de Harvard, USA; Vincent CRAPANZANO, Université de Columbia, USA ; Stanley DIAMOND, New School for Social Research de New York, USA ; Lion EISENBERG, Harvard Medical School, USA ; Didar FAWZY, *historienne*, Egypte ; Roderick FLOUD, Birkbeck College, Grande Bretagne; René GALLISSOT, Université de Paris ; Burhan GHALIOUN, sociologue, Syrie ; Myriam GOHEEN, Université de Harvard, USA ; Mahdi HAFEZ, économiste, Syrie ; Fred HALLIDAY, London School of Economics ; David HAMLYN, Birkbeck College, Grande Bretagne ; Mohammed HARBI, historien, Algérie ; Hans-Georg HEINRICH, Autriche ; Guy HERAUD, Université de Pau, France ; Paul HIRST, Birkbeck College, Grande Bretagne ; Mark HOFFMAN, London School of Economics ; François HOUTART, Université Catholique de Louvain, Belgique ; Deell HYMES, Université de Virginia, USA; Edmond JOUVE, Université de Paris, France ; Edgar LEDERER, Membre de l'Institut,; Linda MAYOUX, Cambridge, Grande Bretagne ; Pierre METGE, chercheur, France ; Alexandre MINKOVSKY, professeur honoraire à l'Université René Descartes, France ; Maxime MOLYNEUX, Exeter University ; Théodore MONOD, membre de l'Institut, France ; Lucia MORA, Université de Castilla-La Mancha, Espagne ; Kichiro NAKAHARA, Université de Tokai, Japon ; Andrei NICOLAI, professeur ; Michel ORIOL, professeur, France ; Roger OWEN, professeur, Grande Bretagne ; Nasser PAKDAMAN, Paris VII, France ; Antonio PAPISCA, , Université de Padoue, Italie ; Gérard PIERRE-CHARLES, sociologue, Haïti ; Maxime RODINSON, Ecole pratique des Hautes Etudes, France ; Julio RODRIGUEZ-PUERTOLAS, Université autonome de Madrid, Espagne ; Laurent SCHWARTZ, mathématicien , France ; Léon SCHWARTZENBERG, cancérologue, Faculté de Médecine de Paris, France ; William A. SHACK, Université de Californie, USA ; Michael M.J. SISCHER, Université de Huston, USA ; N. SMITH, vice-doyen de Harvard Law School, USA ; Paul Patrick STREETEN, directeur du World Development Institute, USA ; Eugenio SUAREZ-GALBON,Université de Madrid, Espagne ; L.V. THOMAS, la Sorbonne, France ; Germaine TILLION, sociologue, France; Alain TOURAINE, sociologue, France ; Armando URIBE, professeur, Chili ; Peter UTTING, Essex University ; Carmen VERGARA, Université de Madrid, Espagne ; Pierre VIDAL-NAQUET, historien, France ; Paul VIEILLE, sociologue, CNRS, France ; Richard VOKES, Kent University , Grande Bretagne; Kazuo YAMAUCHI, Université de Tokai, Japon ; Sami ZUBAIDA, Birkbeck College, Grande Bretagne.

**AINSI QUE :**

Gianfranco BARTOLINI, président du Gouvernement régional de Toscane, Italie ; Baroness Tessa BLACKSTONE ; Alberto BRASCA, président de la Province de Florence, Italie ; Bernard DORIN, ambassadeur de France ; Jacques GAILLOT, Evêque d'Evreux, France ; Luciano GUERZONI, président de la région Emiglia-Romagna, Italie ; Dr Silvius MAGNAGO, président du Sud-Tyrol, président du SVP, Italie ; S. PATIJN, gouverneur de La Haye, Pays-Bas ; Alfonsina RINALDI, maire de Modena, Italie ; Antoine SANGUINETTI, amiral, France ; Philippe TEXIER, magistrat, France ; Dr Luis ZINGERLE, président de la région du Trentin, Sud-Tyrol, Italie.

• Le Monde ● Jeudi 30 juin 1988

*Heta heqê kulturî ya kurda were nasîn, ev kampanya wê her berdewam be. Ew kesên ku dixwazin beşdar bin û alîkariyê bikin dikarin ji adresa jêrîn re binivîsin.*

CETTE CAMPAGNE D'OPINION SE POURSUIVRA JUSQU'A CE QUE LES DROITS CULTURELS DES KURDES SOIENT RECONNUS. ADRESSER SIGNATURES ET SOUTIEN FINANCIER A :
**INSTITUT KURDE DE PARIS, 106, rue La Fayette, 75010 PARIS. Tél. 48 24 64 64.**

Stockholms läns landsting

# دەتەوێ دەنگی خۆت بدەی
# بە کام حیزب ؟

## بەبڕوای ئێوە ئەنجومەنی هەرێم ئەم کار و بارانەی خوارەوە چۆن بە ڕێوە بەرێ باشە

- ئاگاداری نەخۆشان   - ئاگاداری ددان
- ترافیکی ئوتوبوس وقەتار   - سیاسەت بەرانبەر بە پێرسۆنێل و گەلێک پرسیاری دی




**بە شدار بە لە**
**هەڵبژا ر دنی ئەنجومە نی هەرێم دا**
**لە ١٨ ی سێپتامبر**

www.arshivakurdi.org

نەدیت بیت... مروڤ دکاریت چەندین سالا ل هوزانە کێرا رەوەستێت و تشتێن تازەتر ببینیت...» براستی هوزانێت فەروخێ ئەو رێکێن کو مروڤ جوچاران لێ کەسیرە نابیت و دگەل هەر جارەکێ کو مروڤ دخوینیت تشتێن تازەتر و پر خوشتر دبینیت...

فەروخ پشتی خلاس کرنا قوتابخانا ناوەندیێ دچیتە قوتابخانا نەقاشی و ل وی دەمیدا هەستا هوزانڤاییێ بو چێ دبیت لە ١٦ سالیێ شوو دکەت و پشتی سالەکێ زاروکەک دبیت و دڤی تەمەنی دا هوزان پتر کێنجا خو تێت کەن و پتر بەرەو هوزان گوتنێ دهێتە

راکێشان و ئەڤ هندە دگەل ژیانا عائلیاوان ناهێتە گونجاندن و مجبور دبیت ئێکشوان بوخو هەلبژێریت «هوزان- یا نژی ژیانا عائلی» لایێ هوزانێ دگریت و مجبور دبیت ل کور و مێر و مالا خو دویر کەڤیت و قانونا وێ روژێ کور لێ ستاند و حەتا مافێ دیتنێژی لێ وەرگرت حەتا دویماهیا ژیانا خو ئەڤیندارا کورێ خو بوو سویندا وێ ب گیانێ وی بوو.

- ل سالا ١٩٥٢ یەکەمین دەستەکا هوزانا ب ناڤێ «ئێخسیر» بلاڤ کر

- ل سالا ١٩٥٧ دەستەکادییا هوزانا ب ناڤێ « دیوار» بلاڤ کر

- ل سالا ١٩٥٩ پەرتوکا « عصیان» بلاڤ کر

- ل سالا ١٩٦٢ دیوانا « ژ دایک بوونەکا دی» چاپ کر. دڤێ دیوانێدا فەروخێ پێشان دا کو زمانێ خوییێ تایبەتی یێ هوزانی یێ پەیدا کری.

فەروخی ژبلی بەرهەمێ هوزانی گەلەک کار و بەرهەمێ سینمایی ژی یێ هەی و یا سەرکەفتنی بییە.

- یەکەمین بەرهەمێ مێ سینەمایی ب ناڤێ «ئاگرەک» کول سال ١٩٦٢ ل دوازدەمین فستیوالا فیلیمێ کورت و بەلگەیی خەلاتێ زێری وەرگرت ل ئیتالیا.

- وەچەندین بەرهەمێندن هەروەکی «ئاڤ و گەرما- خانیێ رەشە- کو فیلمێ خانیێ رەش کول زستانا سالا ١٩٦٣ ل فستیوالا فیلما ئالمانیا غەربی باشترین خەلات وەرگرت.

- ل سالا ١٩٦٤ سەفەرەکا ئوروپا کر و چو فەرەنسا و ئیتالیا و ئنگلتەرا و لە پایزا سالا ١٩٦٥ دو فیلم ل سەر ژیانا وێ هاتنە بلاڤ کرن ژ ئالێ ١- یونسکو ٢- برتولوجی.

- ل سالا ١٩٦٦ ل بهاری سەفەرەکا ئیتالیا کر و بەشدار بوو ل دووەمین فستیوالا فیلما «پژار».

- ل زستانا سالا ١٩٦٧ ل تەمنێ ٣٣ سالییێدا ژ بەر پێش هاتنەکا سیاقی خاترا خول ڤێ جهانی دخوازیت، ئەڤە کورتەیەک بو ژ ژیانا فەروخێ و ئەگەر مروڤی نڤێستن ژیانا فەروخێ بەدرێژی بەحس بکەت بەباوەریا من پێویستیا ب لێکولینەوەکا درێژ یا هەی و ئەز هیڤیدارم دەمەکی نێزیک سەرهاتیا ژیان و بیروراێن وێ ل سەر هوزانێ بو خویندە ڤانێن هێژا بەرهەف بکەم.

صادق

## FESTÎVALA AŞTÎYÊ A STOKHOLMÊ

Di rojên 4.5.6- Xizîrana 1988'an de festivala aştîyê a Stokholmê hat pîrozkirin. Federasyona Komelên Kurdistanê li Swêdê bi awayekî aktîf di şahîyan de beşdar bû.

Di roja vekirina festivalê de bi navê Federasyonê, serok Keya Îzol li ser rewşa Kurdistanê, problemên Kurdên li swêdê û li ser pirsa piştgiriya navnetewî bo kurdan peyivî.

*beşek ji Festîvala Aşitîyê*






*Wezîrê karûbarê derve Sten Andersson li ber çadira Kurda*

Bi navê Federasyona kurdan çadirek hat danîn, xwarina kurdî hat firotin. Înformasyon li ser Helebçê û li ber xwedana girtîyên kurd li girtixana AYDIN'ê hat dan. Belavok hatin belavkirin.

6'ê Xizîranê Koma Govend listikên kurdî pêşkêşî mêvanan kir. Keçeke swêdî "Kîkî" bi kurdî stra.

Di beyana dawî a festîvalê de li ser pirsa kurdî jî hat rawestan û daxwaza alîkarîyê hat kirin.

www.arsivakurdi.org

هۆکاری سەرەکی کە دەبێتە مایەی خێراترکردنی ئەم گۆڕانکارییانە، بریتییە لەهۆکاری ئابووری، خێرایی گەشەکردنی بەرهەم و هێزەبەرهەم هێنەرەکان لە هەردوو کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیدا بەپێی حەتمییەتی مێژوویی دەبێتە هۆی پەیدابوونی ناکۆکی لە نێوان پەیوەندییە ئابورییەکاندا و لە دوایشدا پێکهاتووە نوێیەکە جێ بە کۆنەکە لەق دەکات و دێتە شوێنی. بەڵام رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان بەهۆی سیاسەتی کۆلۆنیالیەوە دەیانەوێ نەک تەنیا ئەم کردارە حەتمییە دوابخەن، بەڵکو هەوڵ دەدەن کرداری پەرەسەندن لە هەردوو کەرتی ناوبراودا بەرەوپاشەوە بگێڕنەوە.

پەراوێزەکان

١- ئەو ژمارانە لە وتارێکەوە وەرگیراوە بە ناونیشانی «دەربارەی پەرەسەندنی سەرمایەداری و چینی کرێکاری عێراق» لە نووسینی عصام الخفاجي - گۆڤاری (النهج) ژمارە ٤ی حوزەیرانی ١٩٨٤ لاپەرە ٢٤٦.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە .٢٤.

٣- لازاریف - کورد و مەسەلەی کورد - گۆڤاری الثقافه الجدیده ژمارە ٧ حوزەیرانی ١٩٨٤ لاپەرە ٦٤.

# حەتاڤ دێ هەلێت

هۆزانا: فەروخ فەروخزاد
وەرگێرانا: صادق

بەرێ خو ب دێ
غەمێن چاڤێن من
چەوانێ دلۆپ دلۆپ ێیت بنە ئاڤ
چەوانێ سیبەرا رەشا یاغیا من
یا دبیتە ئێخسیرا دەستێ حەتاڤێ
بەرێ خو ب دێ
هەمی هەبوونا من
یا وێران دبیت
چریسکەک بەرەو مرادێ من دکێشیت
بەرەو بلندیا دبەت
بەرەو داڤا دبەت
بەرێ خو ب دێ
هەمی ئەسمانێ من
ژر ژیانا ستێرا یێ پر دبیت
******
ژ دووير، دووير تو یێ هاتی
ژ ولاتێ گولاو ڕوناهیا
تە ئەز دانامە دناڤ گەمیەکێ دا
ئەو گەمیا
تەل ددانێت فیلا، عەڤرا، فەخفیری یا
چێ کری
ئەی هیڤیا ئاوازا دلی
من ببە
باژێرێ هوزانا و ئاوازا
دێ د ڕێکا پر ل ستێرا کە ڤینە رێ
دێ ل ستێرا ژی بلند تر چین
بەرێ خو ب دێ
ئەز ژ بەر ستێرا سووتم
ئەز دلیڤارا ژ بەر ستێرا یا تایی بووم
هەروەکی ماسیێن سوور و ساویلکە
یا بێ مە ستێر بژیرا گومێن شەڤا
جهێ مە چەندێ دووير بوو
ل ڤێ هندێ ژی دووير تر بوو
ب بنڤشیا مستێن ئاڤا ئەسمانێ
دەنگێ تە جارەکادی ێیت گەهیتە گوهێت من
دەنگێ پەرێن سپیێن پەرییان
بەرێ خو ب دێ
ئەزا گەهشتیمە کیرێ
ڕێکا کاهدزان، بێبن، پایدار
نوکە ئەمێت ل بلندی یا
من ب شەرابا سیپەلا بشوو
من دناڤ حەریرێ ماچێت خو
وەرپێچە
ل شەڤێت درێژ گازی بکە من
جارەکا دی من نەهێلە
من ل ستێرا جودا نەکە
بەرێ خو ب دێ
شەمالکا شەڤێ درێکا سەدا
چەوانی دلۆپ دلۆپ بێتە ئاڤ
بیبکا ڕەشا چاڤێن من ب
لایە لایا گەرماتە
ل لیڤارا پری شەرابا خەوێت بیت
سەر لاندکێن هوزانێت من
بەرێ خو ب دێ
تو د هەلێ و ڕوژ گەش دبیت

هوزان ڤاناژن فەروخ فەروخزاد ل سالا ١٩٣٤ ل تهران یا ل دایک بی و ئەز بە باوەرم کو ئێرا زوربەی نوسەر و هوزان ڤانێن ڤی سەردەمی فەروخێ دنیاسن، چونکی نەتەنها فەروخ هوزان ڤانەکا بەرزو و پر هێژایا ئێرانی‌یە بەلکی فەروخ ل ریزا هوزان ڤانێن جهانی و دناڤ مەکتەبا تورەیی جهەکێ مەزن یێ پرکری و روژ بە روژ ناڤێ وێ گەش دبیت و هوزانێتە وێ مەزن دبن هەروەکی ئەو دبێژید:-

« هندەک هوزان نەب دەرگەنە، نە دگریتنە، نە د ڤەکرینە- بەهیچ رەنگەکی چارجوبەک بونینە، شەقامەکە، کورت یانژی بلند فەرق ناکەتن- مروڤ هەر چەند لێ بچیت و ڤەگەرییت، کەسیرە نابیت، ئەگەر راوەستێت ژ بو دیتنا تشتەکی‌یە کول وان هات و چونا دا

لە راستیدا ئەو هەنگاو و رەفتارانە ناوەرۆکێکی سیاسی و داگیرکەرانەی هەیە و پێشتر نەخشەی بۆ کێشراوە.
کاتێک رژێمی عێراقی دەستی کرد بە راگواستنەوەی دانیشتوانی گوندەکانی کوردستان و لە ئۆردووگا زۆرەملێییەکانی توندکردن، وای راگەیاند کە ئەم کارە بەمەبەستی ئەوەیە کە ژیانێکی چاکتر و خۆشتریان بۆ دابین بکرێت و قوتابخانە و نەخۆشخانەیان بۆ درووست بکرێت، بەلاّم مەبەستی سەرەکی ئەوە بوو کە توانا و دەسەلاّتی خۆی بەسەریاندا بسەپێنێت و لە ناوچەکانی دەسەلاّتی پێشمەرگە دووریان بخاتەوە. هەروەها رژێم کۆمەڵی هەرەوەزی دروست کرد هەروەکو سیستەمی کۆڵخۆزەکانی یەکێتی سۆڤیەت. ئەوەدەمە زۆرکەس گومانیان چووە سەر ئەوەی کە ئەم هەنگاوە بۆ چارەسەرکردنی بنەرەتی کشتوکاڵی دەنرێت و مەبەست بەرزکردنەوەی رادەی بەرهەم هێنانە لە کەرتی کشتوکاڵیدا و بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی جوتیاران کە رێژەی گەورەی گەلی کورد پێکدێنن. بەلاّم رژێم بەرامبەر بەم هەنگاوە کەرەسە و پێویستیە کانی کشتوکاڵی بۆ دابین نەکردن. بۆیە بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، ئاستی بەرهەم هێنان هاتە خوارەوە. لە زۆربەی ئۆردوگا و کۆمەڵەکانی جوتیاران ناچارکران بەشێکی زۆر کرێی جووت کردن و پارەی پەینی کیمیایی بدەن کە ئەو پارەیەی دەیاندا لە نرخی داهاتەکە زیاتر بوو (٢).

باشە بۆچی ئەم (مجمعات)ـە لە ناوچەکانی تری عێراق دروست نەکران و تەنیا ناوچەی کوردستانی گرتەوە، ئەی بۆچی جوتیارێکی کورد نەوێرێت بڵێت (جمعیات) شتێکی چاک نییە و بەبێ ترس بیروڕای خۆی دەرنەبڕێت و بە ئارەزووی خۆی زەویەکەی خۆی نەکێڵێت کە هەزاران ساڵە لەسەری دەژی. بەلاّم جوتیارێکی عەرەب بوێرێت بە خودی سەدام بڵێت (جمعیات)مان ناوێت و ئەویش هەر لەژێر رەشماڵی جوتیارەکەوە هەموو (جمعیات)ی عێراق هەڵوەشێنێتەوە. بێگومان ئەو رەفتارە شۆڤێنیانە دژی کورد ئامانج و نەخشەیەکی داگیرکەرانەی روون و ئاشکرای هەیە.

ئەو رەفتارە فاشییانەش تەنیا کاری نەکردۆتە سەر گەلی کورد، بەڵکو کاری کردۆتە سەر تەواوی عێراق، چونکە کوردستان سەرچاوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵییە. بۆیە دەبینین لە کاتێکدا عێراق لە ساڵەکانی پەنجادا بەرهەمی کشتوکاڵی دەنارده دەرەوەی ولاّت، بەلاّم ئێستا بەرامبەر بە سەدان ملیۆن دۆلار بەرهەمی کشتوکاڵی لە دەرەوەی ولاّت دەکرێت. هەر لەو بەرهەمانە کە لەسەر خاکەکەی خۆی بەرهەم دەهێنرێت. بەلاّم ئەگەر بیویستایە سوود لە وزە و توانا و ئیمکاناتی خۆی وەربگرێت، هەر لە زەویی بەپیت و بەرەکەت تا دەگاتە کرێکاری کشتوکاڵی، ئەو دەم دەیتوانی هەموو کەم و کورتییەکانی خۆی پڕبکاتەوە و بەرامبەر بەوەش دەکرا ئەم پارەیە لە بوارەکانی تری خزمەتگوزاریدا بەکاربهێنرێت، وەکوو بواری پەروەردە و فێرکردن، بواری تەندرووستی و خزمەتگوزارییە کۆمەلاّیەتییەکان، نەک بە تەنیا گەلی کورد، بەڵکو تەواوی گەلی عێراق پێویستی پێیەتی.

ئەگەر مەبەست لەو گۆڕانکارییانە و کۆکردنەوەی کورد لە ئۆردوگاکاندا ئەوەبێت کە ئاستی بەرهەم هێنان بەرزبکرێتەوە و بایەخ بە گەلی کورد بدرێت، باشە ئەی بۆچ هەر لەو ئۆردوگایانەدا هەندێ کارگە و بنکەی پیشەسازی، تەنانەت بچووکیشی لێ دروست نەکران. بەتایبەتی کە کەرەسەی خاویش لە زۆربەی ناوچەکاندا هەیە.

لە لایەکی ترەوە لە هەموو ئەو پارەیەی کە بۆ نەخشەی گەشە پێکردنی ولاّت دانرابوو تەنها ١٠٪ تەرخان کرا بۆ ناوچەی کوردستان و لە کۆی ١٥٠ پرۆژەی پیشەسازی بەشی کوردستان تەنها چوار پرۆژە بوو (٣).

ئەگەر بە وردی تەماشای ئەو نەخشەو پیلانەی رژێم بکەین دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نەخشەکە دوو لایەنی هەیە، یەکێکیان لایەنێکی رامیارییە، ئەویش بە مەبەستی سەرکوتکردنی خەباتی گەلی کورد و پێشێل کردنی مافی گەلی کورد بۆ خۆبڕیاردانی چارەنووس وەک گشت گەلانی جیهان، ئەوی تریشیان لایەنێکی ئابووری کە بە بناخەی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەلاّیەتی هەر نەتەوەیەک دادەنرێت.

ئەوەی روون و ئاشکرایە گەلی کورد بە قۆناخی تێهەڵکێشی نێوان دوو پێکهاتووی کۆمەلاّیەتی و ئابووری جیاوازدا رەت دەبێت. پێکهاتووی کۆمەلاّیەتی و ئابووری سەرمایەداری باو سەرباری پاشماوەی پێکهاتووی کۆمەلاّیەتی و ئابووری دەرەبەگایەتی و عەشایەری. هەموو کۆمەڵگاکانیش بە هەمان قۆناخدا رەت بوون. بەلاّم پاشان پێکهاتووە کۆمەلاّیەتی و ئابوورییە پێشکەوتووترەکە جێگای ئەوەی دی گرتۆتەوە.

www.arsivakurdi.org

هوشیاری شۆڕشگێرییان تێدا بەرزترە و لە کاتی ڕووبەڕوو بوونەوەدا دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر ببینن.

داگیرکەران هەمیشە نەخشەی ئەوە دەکێشن کە بەرهەم هێنان لە کوردستاندا، کە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری کرێکار هەیە و بە بناغەی پەرەسەندنی ئابووری و بناغەی هێزە بەرهەم هێنەرەکان دادەنرێت، کە ئەمەشیان بە دەوری خۆی فشار دەباتە سەر پەیوەندییە ئابوورییە بەرهەمهێنانە کۆنەکان، تا ئەو ڕادەیەی لەگەڵ ئاستی پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەم هێنان و ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر پێکهێنانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دێت، بگونجێت.

کۆمەڵگای عێراقی بە شێوەیەکی گشتی بوو بە کۆمەڵگایەکی ئیستهلاکی، ئەویش بەهۆی کەمتەرخەمی و دوورکەوتنەوە لە دانانی پلانێکی زانستیانەی ئابووری. هەر بۆ نمونە پلەی نرخەکانی ئیستهلاکی تاکە کەس لە ساڵی ١٩٨٠دا تا ڕادەی ٢٥٢٪ بەرز بووەوە بەرامبەر بە ساڵی ١٩٦٨، بەرامبەر بەوەش ڕێژەی موزدی کرێکار بە هەمان ڕێژەی زیادکردنی ئیستهلاک نەبوو. ئەمە جگە لە زۆربوونی پێویستییە کانی ژیان بەهۆی گەشەکردنی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی گشتی. چونکە پەرەسەندنی کۆمەڵگا بەرەو ئاستێکی بەرزتر و چاکتر، بوار و ئاسۆی نوێ دێتە کایەوە چ لە لایەن جل و بەرگ و خواردەمەنییەوە بێت، چ لە لایەن پەروەردە و فێرکردن و بوارەکانی خۆش گوزەرانی و پێویستییەکانی ترەوە بێت.

تەنانەت زیادکردنی موچە لە حەفتاکاندا لە ئەنجامی دەسکەوتێکی دارایی گەورەی بواری نەوت و بەرزبوونەوەی داهاتی مانگانەی تاکە کەسی عێراقی بوو. کەچی ئەو پارە زیادکردنەش لە ئاستی سێ یەکی زیادکردنی تێکڕای داهاتی تاکەکەس زیاتر نەبوو[(١)]. جا ئەگەر ئەمە وێنەیەکی واقیعی گەلی عێراق بێت بەتایبەتی لە بواری پیشەسازیدا، ئەی کار لەگەڵ گەلی کورددا چۆن دەبێت لە ژێر سیاسەتی داگیرکردن لە تواندنەوەی نەتەوەیی و ڕاگواستنەوە و بەکۆمەڵ لەناوبردن و دانانی کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم پێشکەوتندا؟

هەروەکو پێشتریش وتمان کە ڕژێمە دەستەڵات بەدەستەکان گشت ڕێگاکان بەکاردەهێنن بۆ خاوکردن و دواخستنی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی خودی داگیرکەران، کە ڕێگای دامەزراندنی هەندێ بنکەی ئابووری و کارگەی پیشەسازی دەدات، هەندێ گۆڕانکاری لە کوردستاندا هاتۆتە کایەوە، هەرچەندە ئەم گۆڕانکارییە زۆربەی جار لەسەرخانی کۆمەڵگای کورددا ڕوودەدات، بەڵام ئەگەر سەرەتا گۆڕانکارییەکان لە ژێرخاندا ڕوونەدەن، ئەوا گۆڕانکاری بنەڕەتی لە کۆمەڵگادا نایەتە کایەوە. گۆڕانکاری بنەڕەتی کاتێ ڕوو دەدات کە لە هێزی بەرهەم هێنەر و پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنانەوە دەست پێ دەکات، هاتنی سەرمایەداری بۆ کوردستان لە ڕێگای بۆرژوای بازرگانی و کۆمبرادۆرییەوە نابێتە هۆی ئەوەی گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە بنیاتی کۆمەڵگادا ڕووبدات.

لە کەرتی کشتوکاڵیدا ڕەفتارەکانی داگیرکەر کەمتر نییە وەک لە کەرتی پیشەسازی، وەکوو ئەوەی گیروگرفتەکانی کشتوکاڵ چارەسەرێکی بنەڕەتی نەکراوە و زەوی دابەش نەکراوە بەسەر جوتیاراندا و بە پێچەوانەوە زەوییە کشتوکاڵییە بە پیتەکان هێشتاش بەدەستی دەرەبەگە گەورەکان و ئاغاکانەوە ماوەتەوە. زۆربەی زۆری جوتیارانیش کە زەوییان هەیە، یان پارچە زەوییەکی بچووکیان هەیە و پێویستییەکانیان دابین ناکات، ناچار دەبن لای مەلاکە گەورەکان بەکرێیەکی کەم کاربکەن. بۆیە دەبینین لە کاتێکدا ڕێژەی دانیشتوانی شارەکان ٣٦٪ی گشت کۆمەڵگای عێراق بوو، ئێستا ئەم ڕێژەیە ئاوەژوو بۆتەوە و دانیشتوانی گوندان ڕێژەیان بووە بە ٣٦٪. ئێستا زۆربەی زۆری دانیشتوانی گوندان توێژێکی مەلاکی بچووکن کە لە بەڕێوەبردنی کاروباری کشتوکاڵیاندا پشت بە وزە و توانای خۆیان دەبەستن.

بەپێی ئامارێک کە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی ئیحصای کشتوکالی لەوەزارەتی نەخشە کێشاندا ساڵی ١٩٨٧ کرا، دەرکەوت کە دۆنمێکی زەوی کشتوکاڵ کە بۆ نمونە گەنمی تێدا دەچێنرێت بەرامبەر بە حەوت دیناری عێراقی بەرهەم دەدات. جا لە کاتێکدا کە جوتیارێک ٣٠ دۆنم زەویی هەبێت، مانای ئەوەیە داهاتی ساڵانەی دەکاتە ٢١٠ دینار، ئەم پارەیە ئەگەرچی نرخی بەرووبوومی ئاژەڵیشی بێتەسەر، ئەوا ئەگەر جوتیارەکە ئاژەڵداری بکات، بەهیچ شێوەیەک بەشی دابین کردنی پێویستییەکانی گوزەرانی خێزانی جوتیارێک ناکات. کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی جوتیاران بەرەو شارەکان کۆچ بکەن. بەدوای کارێکدا بگەڕێن کە کەموکورتییەکانی ژیانی پێ پڕبکەنەوە.

ڕژێمی دەسەڵاتدار و داگیرکەری کوردستان هەنگاوی ئەوتۆ دەنێت کە هەندێ کەس گومانیان ئەچێتە سەر ئەوەی کە ئەمە لە بەرژەوەندی جوتیاری کورددا بێت، بەڵام

www.arsivakurdi.org

# سیاسەتی کۆلۆنیالی لە کوردستانی عێراقدا

شێرخان

ولأتە تازە گەشەکردووەکان بە شێوەیەکی گشتی لەیەک ئاستی پەرەسەندندا نین، جگەلەمەش پەرەسەندن و گەشەکردن تەنانەت لە هەر ولأتێکدا بەتەنێ لە یەک پلەدا نییە. بەرامبەر بە دواکەوتنێکی مەزن لە گوند و لادێکاندا جۆرە پێشکەوتنێک بەدی دەکرێت. قەوارەی ئەو دواکەوتنەش بەندە بەو کاریگەر و شوێنەوارانەوە کە دەوڵەتە داگیرکەرەکان لە پاش هەرەس هێنانی سیستەمی داگیرکردنی جیهان و سەربەخۆیی گەلان لە دوای خۆیان بەجێیان هێشتووە. جا چ لە لایەنی ئابووری و تەکنیکییەوە بێت و چ لە لایەن رۆشنبیری و زانستەوە ... پاش ئەوەش گەلان رێگایان گرتە بەر بەرەو رزگاری و بنیات نان، سا بەهۆی سیستەمی سەرمایەدارییەوە بێت یان بە هۆی سیستەمی سۆسیالیستی.

لەبەر ئەوەی ولأتانی داگیرکەری کوردستان رێگای سەرمایەدارییان گرتۆتە بەر، باسەکەمان تەنیا ئەم لایەنەیان دەگرێتەوە.

لەژێر سایە و سێبەری بۆچوونی سەرمایەداریدا، لەپاش سەربەخۆیی، هەندێ کارگە و پرۆژەی سووک لە ولأتە داگیرکەرەکانی کوردستاندا بنیات نران و هەندێ قوتابخانەش کرانەوە، بەرامبەر بەمەش گوند و لادێکان بەجارێک بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پشت گوێ خران. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەلێنێکی گەورە بکەوێتە نێوان گوند و شارەکان.

ئاشکرایە لە سایەی ئەو رژێمانەدا کە لە ئازادی و دیموکراسی و یەکسانی بێ بەشن، جیاوازییەکی چینایەتیی بەرفراوان بەدی دەکرێت. چینێکی دیاریکراوی کەم ژمارەی کۆمەڵ زۆربەی زۆری خێروبێری ولأت دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و زۆربەی مافە کۆمەلأیەتی و رۆشنبیرییەکان زەوت دەکات و چینەکانی تریش لەو مافانە بێ بەش دەکرێن.

جا ئەگەر ئەمە بۆ نەتەوەی سەردەست وابێت، کار لەگەڵ نەتەوە ژێردەستەکاندا چۆن دەبێت، لەو ولأتانەدا کە لە نەتەوەیەک زیاتری تێدا دەژین و نەتەوەی ژێردەست لە ژێر رکێف و دەسەلأت و ستەمی نەتەوەی سەردەست و خاوەن دەسەلأت دەناڵێنن، هەروەکوو نەتەوەی کورد؟ ئەی دەبێ باری چینە زەحمەتکێشەکانی ئەو نەتەوە ژێردەستە چۆن بێت؟ هەڵبەتە دواکەوتن و زوڵم و ستەم و چەوساندنەوە بەرامبەر ئەم چینە دوو بەرامبەر و بگرە زیاتریش دەبێت.

ئێمە لێرەدا باسی لایەنی ئابووری سیاسەتی رژێمی عێراق دەکەین کە دژ بە گەلی کوردستان جێبەجێ دەکرێت، بەتایبەتی لە هەردوو کەرتی پیشەسازی و کشتوکاڵیدا.

بەمەبەستی ئەوەی کوردستان دوور لە رەوڕەوەی پەرەسەندن بمێنێ، داگیرکەران گشت رێگاکانیان تاقیکردۆتەوە، وەکوو شێوە و رێبازەکانی داگیرکردنی کۆن و نوێ، بەبەکارهێنانی سیاسەتێکی داگیرکەرانەی دیاری کراو. هەموو ئەم رێبازانەش هەمان ئامانج و مەبەستیان هەیە، هەر دەوڵەتێک رێبازێکی تایبەتیی گونجاو لەگەڵ سیاسەتی خۆیدا و بەپێی ئاستی پەرەسەندن و پێشکەوتنی کورد لەو بەشەیاندا دەگرێتە بەر.

هەروەکوو زانراویشە پەرەسەندنی ئابووری چ لە بواری کشتووکاڵیدا بێت یان لە بواری پیشەسازیدا لە نێوان هۆیەکانی پەرەسەندنی کۆمەلأیەتیدا بە پلەی یەکەم دێت. بۆیە هەرچی کارگە و پرۆژە هەیە لەو ناوچانەدان کە نەتەوەی سەردەستیان تێدا دەژێت و ئەگەر هات و چەند پرۆژەیەک درایە کوردستان، ئەوا هەرگیزا و هەرگیز بەپێی چڕی و سەرژمێریی دانیشتوان نابێت. زۆربەی جار بچووک و سادە دەبن و پێویستیان بە ژمارەیەکی کەمی کارگەر دەبێت.جا ئەو پرۆژانەش یان بنکەیەکی کۆکردنەوەی کەرەسەی خاون، یان بنکەی دابەشکردنی پیشەسازیی ئامادەیە. ئەمە و بەهەر شێوەیەک بووە رژێم لە درووست کردنی پرۆژەی پیشەسازی قورس و گەورە کە پێویستی بە ژمارەیەکی زۆری کرێکار هەیە خۆی دوور دەخاتەوە، ئەوەش لە ترسی ئەوەی چونکە کرێکاران پلەی رێکخستن و

www.arsivakurdi.org

وایە ئەمانەی سەرەوە بەسن.

ئێستا دەربارەی کوردستانی ئێران دەدوێین: لام وابێ زۆری کوردی ئاوارەی سوید ئەو بەرنامەیەی دی کە دەربارەی کوردستانی ئێران لە تەلەفزیۆنی سوید - مالمۆ لە سالی رابردوو پێشکەش کرا، دەربارەی ژمارەی دانیشتوانی کورد لە ئێران ٦ ملیۆن کەس وترا، نەک ٤-٥ ملیۆن، لەوانەیە لە ٦ ملیۆن زیاتریش هەبێ لەم پارچە جوانەی داگیرکراوی کوردستان، من خۆم لە مەهابادەوە هەتا ماکۆم دیوە و هەتا لە شارۆچکەکانی سەر سنووری سۆڤیەت بۆ نموونە وەک (گەرگەر) کورد هەیە و بەیتی (نحزی گەرگەری) نمونەی قسەکەمە. رۆژنامەیەکی بیانی بەناوی (مەجەر نورساک) چاپی هەنگاریا لە ژمارە (٢٥)ی خۆیدا دەنووسێ کە لە ئێران (٦) ملیۆن کورد دەژین.

هەروەها وتارەکەی لازەریف کوردی بە ٢٦٪ی رێژەی دانیشتوانی ئێران لە قەلەم داوە... دەپرسین ئەگەر ئێران ٤٥ ملیۆن کەس بێت و لە ٢٦٪ی کورد بێت، ئایا چەند ملیۆن کورد لەوێ گوزەران دەکەن؟!

تایبەت بە کوردستانی عێراق رەنگە هەتا رادەیەک ئەو ژمارەیەی کە لە گۆڤارەکەدا هاتووە راست بێ نووسەری ناوبراو (لازەریف) رێژەی دانیشتوانی ئەم پارچەیەی بە ٢٨٪ لە قەلەم داوە و بۆ کوردی سووریاش ١١٪ی کۆی دانیشتوانی سووریا.

راستە لە کوردستانی سووریا کورد لە هەموو پارچەکانی تر کەمتر هەن، بەلام من نازانم بۆ لە رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بە دەگمەن باسی کورد لەم ولاتە دەکرێ، خۆ هەموومان دەزانین ئەوانیش هەروەکوو ئێمە دووچاری دابەشبوون و جەور و ستەم بوونە، لە گۆڤاری kurdi-stan ژمارەی کورد لە سووریا بە ... ٦٠٠ هەزار کەس خەملێنراوە.

من تەنها یەک نموونە دێنمەوە یاد کە لە ژمارە ١٩ و ٢٠ی «سەردەمی نوێ»دا بلاوکرابۆوە دەربارەی ئەم پارچەیەی کوردستانی لەت لەت کراو، لە رۆژنامەکە هاتووە: (هەرچەندە خەلکی کورد لە سووریا ژمارەیان خۆی لە ملیۆنێک دەدا، بەلام گۆڤار و رۆژنامەکانی کوردی بە دەگمەن ئاوڕ لە بارەی کوردەکانی سووریا دەدەنەوە، جگە لەوەی بە گشتی کوردەکانی سوریا لە مافی سیاسی و کلتوری بێ بەشن)، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ ئەگەر دانیشتوانی کورد لە سووریا خۆی لە ملیۆنێک بدا، بە لایەنی کەمەوە نزیکی ملیۆنێک دەبێ، نەک ... ١٠٠ هەزاری زیاتر بێت لە نیوملیۆنێک، واتە ... ٦٠٠ هەزار کەس، لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە ئەگەر لە پێشەکی گۆڤارەکە خۆیدا ژمارەی دانیشتوانی هەموو کوردستان کۆ بکەینەوە دەگاتە ......١٨،٦٠٠ کەس، بەو مەرجەی ئەگەر ٥ ملیۆن کورد لە کوردستانی ئێران وەرگرین، چونکە نووسراوە ٤-٥ ملیۆن کورد لەم بەشەی کوردستانە ... پاشان لە دوا لاپەڕەی گۆڤارەکە کتێبی -kur derکە لە لایەن SIV ەوە چاپ کراوە،نیشان دراوە و نووسراوە: ژمارەی دانیشتوانی کورد لە کوردستان نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەس دەبێ .... باشە چەند جیاوازی هەیە لە نێوان ... ٦٠٠ ١٨ ملیۆن کەس و نزیکەی ٢٠ ملیۆن کەس، بەڵێ هەر لە هەمان گۆڤار ئەم شتە بەرچاو دەکەوێ!!

ئێمە دەزانین کوردستان موڵکی هەموو کوردێکە و هەروەها ناتوانین ئەو مرۆڤانەش لە خۆمان جودا بکەینەوە کە لەگەڵمان دەژین لە کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەگەڵمان هاوخەبات دەبن.

بەلام نامەوێ زۆر لەسەر ئەم شتە بڕۆم و درێژەی بدەمێ، ئەوەی دەمەوێ بیلێم ئەوەیە ... کوردستان مانای هەموو خاکی کوردی داگیرکراوە، گۆڤاری پێشکەوتووخواز و چاکیش ئەو گۆڤارەیە کە خۆی تەرخان بکات و خەبات بکات لە پێناوی هەر چوار پارچەی لەت و پەت کراوی ئەم نیشتمانە رەنگینە، بەلام بەداخەوە زۆربەی بابەتەکانی ناو گۆڤاری *Kurdistan bulletinen* ژمارە یەک دەربارەی کوردستانی تورکیا بوو، نەک دەربارەی پارچەکانی تر کە وەک ئەم پارچەیە و بەڵکو زۆر زیاتریش، ئاگری بڵێسەی شۆڕشیان لێ بەرپا بووە، بەبێ ستایش کردن نموونەیەک زیاتر دێنمەوە بۆ مەسەلەی پێشکەوتنخوازی گۆڤارێک یان رۆژنامەیەک ... سەردەمی نوێ بۆ پێشدەکەوێ و خەڵک دەیانەوێ بیخوێننەوە، بەڕای من هۆی یەکەم ریسواکردنی دوژمنی داگیرکەری هەرچوارپارچەکەی کوردستان و بە شێوەیەکی رێک و پێک و بەبێ گوێ دانە بیرتەسکی و ناوچەگەری و شتی ترەوە، گۆڤاری پەیڤ بۆ هەر لە سەرەتاوە سەرنجی هەموو کوردێکی ئاوارەی راکێشا بۆ لای خۆی، بێ گومان هەر هۆی یەکەم رۆڵی سەرەکی هەبوو لەم مەسەلەیەدا.

دوا وتەم بۆ هەموو لایەک سەرکەوتن و سەرفرازییە لە پێناوی خزمەت کردنی گەلی چەوساوەی کوردمان.

بۆ ئەم نووسینە سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:
١- گۆڤاری Denge Kurdistan بەعەرەبی ژمارە ٢ و ٣ نیسان - ئایار ١٩٨٦.
٢- سەردەمی نوێ ژمارەکانی ١٩ و ٢٠ و ٢١ و ٢٣.
٣- Kurdistan - bulletinen Nr. 1 - 1988

٢٨ - ٢ - ١٩٨٨

www.arsivakurdi.org

# گۆڤاری Kurdistan bulletinen و دوو تێبینی

مەهاباد کوردی

هەر وەک دەزانین لە ئەنجامی بەکارهێنانی سیاسەتی شۆڤێنیانەی ئەو رژێمانەی کە کوردستانیان لە نێو خۆیاندا دابەش کردووە و بوونی زۆرلێکردنی نەتەوەیی لەم ولاتانە بەرامبەر بە گەلی کوردی قارەمان .. چەندەها رۆڵەی دلێری کورد دەربەدەر و ئاوارە بوونە لە هەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانە، بە تایبەتی لە ئەورووپا، زۆر لەم لاوە خوێن گەرمانە هەڵدەستن بە دەرکردنی گۆڤار و رۆژنامە و بلاوکراوەی رۆشنبیری دەربارەی کورد و کوردستان، ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارێکی چاک و بەنرخە، ئەگەر لەسەر رێگای راستی و دروستی و پێشکەوتنخوازیدا بێت بە مەبەستی ناساندنی گەلی کوردمان بە جیهان و گەیاندنی دەنگی ئازادی رۆڵەکانی کوردسان بە هەموو گێتی.
ئاسان و سووک نییە و پێویستی بە زۆر کەرەسە و شتی جۆربەجۆر هەیە، چ لە لایەنی مادی و چ لە لایەنی هونەری و رۆشنبیری و .... هتد.

لەم دوایی‌یەدا گۆڤاری *Kurdistan bulletinen* لە لایەن کۆمەڵەی کولتوری کوردستان لە شاری یۆتبۆری دەرچوو، ئەوەش بە هیمەتی چەند لاوێکی رۆشنبر و دڵسۆزی کورد، بە تایبەت کاک (ئەشرەف) کە خۆی رۆژنامە نووسە و رۆڵێکی باشی بینیوە لە دەرچوونی ئەم گۆڤارەدا، هەروەها بە یارمەتی کەسانێکی سویدی، گۆڤارەکەش بەزمانی سویدی‌یە و زۆر بابەتی تێدا بلاوکراوەتەوە کە لە راستیدا شتێکی خراپ نین.
بەلام ئەوەی لێرەدا سەرنجی راکێشام دەربارەی ئەم گۆڤارە، دوو خاڵە، هەڵبەتە ئەوەش ناوی نانێم رەخنە، چونکە مەبەستم تەنها خزمەت کردنە و بەس، دەمەوێ ئەو برایانە لە کۆمەڵەی کلتوری کوردستان لە یۆتیبۆری زۆر بە دڵفراوانیەوە ئەم چەند دێرەم پەسەند بکەن و سوود« لێ وەربگرن.

*ئەمەش تێبینی‌یەکانمە:*

١- لە پێشەکی گۆڤارەکەدا نەخشەی کوردستان کراوە، ئەوەی راستی بێ نەخشەکە زۆر رێک و پێک نییە، ئەمە


Kurdistan Bulletinen, no: 1

لە لایەک، لە لایەکی ترەوە ژمارەی دانیشتوانی کوردستان بەم جۆرە دیاری کراوە:
ا- کوردستانی تورکیا ٩ ملیۆن کورد.
ب- کوردستانی ئێران ٤-٥ ملیۆن کورد.
ج- کوردستانی عێراق ٤ ملیۆن کورد.
کوردستانی سووریا (... . ٦٠٠) هەزار کورد.
ئێمە یەکەم جار کوردستانی تورکیا وەردەگرین و هەندێک زانیاری دەربارەی دانیشتوانی ئەم پارچەیەی کوردستان پێشکەش دەکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:
هەروەک لە گۆڤارەکەدا خۆی هاتووە کە ژمارەی دانیشتوانی هەموو تورکیا ٥٢ ملیۆن کەسە، لای هەموان ئاشکرایە کە پاش تورک گەلی کورد دێت لە رێژەی دانیشتوان، وتاری (کورد و کوردستان) نووسینی نووسەری بەناوبانگی سۆڤیەتی م. س. لازەریف کە لە کتێبی (مەسەلەی نەتەوایەتی لە ولاتە تازە ئازادبووەکاندا) کە لە ساڵی ١٩٨٦ لە مۆسکۆ دەرچووە، رێژەی دانیشتوانی کوردی لە تورکیا بە ٢٣.٨٪ لە قەڵەم داوە، بێ گومان ئەم رێژەیەش مانای ئەوەیە کە کورد لە تورکیا لە ٩ ملیۆن زیاتر دەبن، بەلام بەداخەوە لە نەخشەکە هەر ٩ ملیۆن نووسراوە. لە بەندی یەکەمی ئەو پێشنیارەی کە (حیف ئولبروجس) ئەندامی پارتی سۆشیالستی بەلجیکی و پەرلەمانی ئەورووپی پێشکەشی کرد بە پەرلەمانی ئەورووپی وا هاتووە: (هەروەک دەزانرێ ژمارەی دانیشتوانی ئەو پارچەیە «مەبەست کوردستانی تورکیایە»، کە بەشێکە لە گەلی کوردستان دەخەملێنرێ بە نزیکەی ١٤ ملیۆن کەس).
هەڵبەتە ئەم پێشنیارەش تەنها لەلایەن مرۆڤێکەوە کە دۆستی کوردە و باوەڕی بەمەسەلەی کوردستان هێناوە و راستیی وتووە. ئەم پێشنیارە لە ساڵی ١٩٨٦ پێشکەش بە پەرلەمانی ئەورووپی کرا .... چەندەها نموونەی تر هەن بۆ ئەم مەبەستە کە دەتوانرێ سوودیان لێ وەربگیرێ، بەلام لام

www.arsivakurdi.org

له شۆرش دەدەن، بەڵام ڕاستی پێچەوانەی ئەم جۆرە بیر و بڕوایەیە کە کۆنەپەرستی حەزی لێ دەکات ڕاستی دەڵێ:- هەر چەندە کۆنەپەرستەکان خەڵکێکی زۆرتر سەربڕن هێزی شۆرش گەورەتر دەبێ، کۆنەپەرستەکان باشتر لە مردن نزیک دەبنەوە، ئەمە یاسایەکی ئەوتۆیە بەربەرەکانی ناکرێت- جەنگە مەردانەکەی «دیان بیان فوو» کەلە هەموو دنیادا دەنگی دایەوە، جگەر خوێنی شاعیرمان شانازی پێوە دەکات و بە سەنگەری سەرکەوتنی هەموو گەلانی ئازادیخوازی دەزانێ و بۆیە جۆش و خرۆشی تێدەکەوێ و گۆرانی شادی بۆ دیان بیان فوو و سەرۆکە مەزنەکەی «هۆشی منە» دەڵێ:-

دیان بیان فوو، دیان بیان فوو
هەورێ کۆلەدار ژ هەڤ بەلا بوو
ئەوی هەورێ کرێت تەڤ ڕەش و تاری
زۆر و برچی بوون تم ژێ دیاری
بابێ ئازادی سەورا ئۆکتۆبر
دەنگێ هۆشی مین، پڕ خورت و هێنەر «٤»

پۆل رۆبنسن (١٨٩٨-١٩٧٦) گۆرانی بێژێکی قولەڕەشی ئەمریکایی بوو، گۆرانی بۆ ئازادی و سەربەستی مرۆڤ دەوت، گۆرانیەکانی دژی ڕەگەز پەرستی و چەوساندنەوەی مرۆڤ بوو لە لایەن مرۆڤەوە، ئیمپریالیزمی ئەمریکی خستیە ناو قەفەسەوە تاکو لە دەنگی دلێری ڕزگاری ببێ، لە هەمولایەکی دنیاوە دەنگی نارەزایی بەرز بۆوە بۆ ئازادکردنی، ئیمپریالیزمی ئەمریکایان ناچار کرد کە ڕێگای پێبدا بخوێنێ.

جگەر خوێنی شاعیریش لە چیا سەرکەشەکانی کوردستانەوە دەنگی پشتگیری خۆی دەگەیەنێتە پۆل رۆبنسن و دەڵێت:-

ئەی هەڤاڵ رۆبنسن، دەنگبێژێ جیهان
پاشمێرێ سەلام، زانا و ئینسان
گەڕناس و ڕێناس، دژمنێ دالاس
دسەر ئاڤادا، دسەر چیارا
دەنگێ تەیە خوەش، خۆش تێ گوهێ مە «٥»

سالی ١٩٥١ لە شاری بەرلین دا میهرەجانی سێیەمی لاوان و قوتابیانی جیهان بەسترا، لە پێناوی وەدی هێنانی ئازادی و ئاشتی و یەکێتی و هاوکاری لاوان لە سەرانسەری جیهان، شاعیر شادی خۆی بەرامبەر بەم ڕووداوە گرنگە دەردەبڕێ و بەناوی «مەهرەجانا بەرلینێ» دەڵێ:-

هەڕن مەهرەجان، مەهرەجانا خوەش
دەستێ هەڤ بگرن، جوان و کەلەش
هیندیی و چینی، عەرەب و حەبەش
هەمێ ببن یەک، چ گەورو چ ڕەش
هەی کەچێن جوان، وەی خۆرتێن جوان
خێرخوازێن جیهان، هەڕن مەهرەجان «٦»

هەموو ساڵێک لە هەشتی ئازار دا ئافرەتانی جیهان بەبێ جیاوازی ڕەگەز و جنس و نەتەوە یادی ئەم جەژنە پیرۆزە دەکەنەوە. لە وڵاتە ئیشتراکیەکاندا شێوەیەکی ڕەسمی وەرگرتووە، میری بەشداری ئاهەنگ و کۆبونەوەکانی دەکات، لە وڵاتە سەرمایەدارەکاندا، هەر چەند بە ڕواڵەت ڕێگای بە یەکسانی ئافرەت دراوە، لەگەڵ ئەوشدا موڵکایەتی تایبەتی گەلی تەنگوچەڵەمە دەیەنێتە ڕێگای ژیانی، وەک نەبوونی یەکسانی لە کارکردندا، لەلایەکی ترەوە بێ ئیشی کە پاڵی بە زۆر ئافرەتانەوە نا کە خۆیان بفرۆشن، لەگێتی سێیەم ئافرەتان لە دوو سەرەوە دەچەوسێندرێنەوە لەلایەک لە لایەن ڕژێمی کۆنەپەرستەوە لە لایەکی ترەوە لە لایەن ڕژێمی کۆمەلایەتی‌یەوە، جگەر خوێنی شاعیریش بەناو نیشانی «هەشتێ ئادارێ» هەستی خۆی دەربڕیوە:-

هەشتێ ئادارێ ڕۆژا مە هلات
جەژنا ژنایە ژینێن دیموکرات
ڤێ ڕۆژا پڕ خوەش ڕۆژا دلشادی
ڕۆژا سەربەستی گەردن ئازادی «٧»

سەرچاوەکان

١- دیوانی کیمە ئەز- جگەر خوین ١٩٧٣، ل١١٢
٢- دیوانا شەفاق، ستۆکهولم، ل٣٢
٣- دیوانا سەورا ئازادی، ستۆکهولم، ل٦٤
٤- دیوانا سەورا ئازادی، ستۆکهولم، ل٨٨
٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٢
٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦
٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧

www.arsivakurdi.org

گرێ‌داوه، گومانی نی‌یه که پەیوەندی ئاینی و شارستانیەتی هاوبەش لە نێوان هەردوو گەلدا هەیە، هەر دوو گەلی برا تێدەکۆشن لە پێناوی ئازادی و سەربەستی دا. لە پێناوی رزگاری لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی دا. دەربەدەری گەلی فەلەستینی کارێکی گەورەی کردۆتە سەر شاعیر، شاعیر هەستی برایەتی و یەکێتیی بەرامبەر بە گەلی فەلەستینیِ داگیرکراو دەردەبڕێ، داواپیتەوکردنی خەباتی دوو قۆڵی دەکات دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم، لە هۆنراوەی کورد و فەلەستین دا دەڵێ:-

کا عیزەدین، کا سەلاحەدین
قارەمان عەرەب، ڤایێ خوەشی ڕابوو
هێرشە هێرشی ل سەر فەلەستین
سەهیونێ خوینخوار ژ بۆ کۆلەدار
ئەڤ ولات خوەش کر کۆزک و هێلین
ملیونەک عەرەب ژ جی دەرخستن «١»

شاعیرمان، لەبەر زوڵم و زۆرداری کاربەدەستانی سوریا ساڵی ١٩٧٣ وڵات بەجی دەهێڵێ و روو دەکاتە لوبنانی ئاگر و شۆڕش بەشداری کارەسات و رووداوە خوێناویەکانی دەکات. بە چاوی خۆی دەبینێ کە چۆن ئیمپریالیزمی ئەمریکی و زایۆنیزمی ڕەگەزپەرست وەکو سەگی هاریان لێ هاتووە هەرچی هێز و توانایان هەیە خستویەتیانە گەڕ بۆ لە ناوبردنی بزوتنەوەی نیشتمانی لوبنان و پێشمەرگە قارەمانەکانی زۆر نا مرۆڤانە بۆمبابارانی دانیشتووانی شار و گوندەکانی دەکەن، رزگاری‌خوازی ناوچەکەش زۆر ئازایانە ڕاپەریون بەگیان و خوێن وەڵامیان دەدەنەوە، ئەوەتا جگەر خوێنی شاعیر هەستی شانازی خۆی بەرامبەر جەنگەکەی (تەل زەعتەر) دەردەبڕێ، ئاوات دەخوازێ کە گەلی کوردی قارەمان بێتە هانایان و پشتیوانی خەباتە ڕەواکەیان بکات، لەم ڕووەوە دەڵێ:-

خوەزی هەبوونا مەژی هەزار مێر
کوردێن قارەمان تەڤ ب چەک و زێر
بهاتا هاناتە تەڤ وەکی شێر
بژی سەر بلند ئەی گرێ- زاتەر «٢»

شاعیر زۆر هۆشیار و زیرەکانە دۆست و دوژمنی گەلی کوردی دەست نیشان کردوە، دەری خستووە کە گەلی کورد و عارەب و تورک و فارس بران و ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی دوژمنی گەلانن، بە هاوکاری و پشتوانی کورد و عارەب و تورک و فارس دەتوانین ئازادی و سەربەستی بهێنین، ئەمەش زۆر راستە گەلی کورد لە لایەن گەلانی عارەب و تورک و فارس ناچەوسێتەوە بەڵکو لە لایەن حکومەتە داگیرکەرەکانی ئەو گەلانەوە دەچەوسێنەوە، دیارە ئەم بۆچوونە پێشکەوتووانە خزمەتی گەورە بە کێشەی ڕەوای گەلەکەمان دەگەیەنێ پێچەوانەی ئەم بیرەش کە بیری تەسکی نەتەوەیی‌یە چەند ڕۆناکبیرێکی عەقل بچووکی سەر لێ‌شێواو هەڵیان گرتووە. ئەمەش خۆی لە خۆی دا خزمەتی کۆنەپەرست و داگیرکەرانی کوردستانی پێ دەکەن و دووبەرەکی و ناکۆکی دەخەنە نێو گەلانەوە، شاعیر لەم ڕووەوە دەڵێ:-

کورد و عەجەم بران، دژمن تەنێ کۆلەدار
ترک و عەرەب هەڤاڵن، دژمن سەعید و بایار «٣»

پتر لە بیست ساڵ گەلی ڤیتنام خەبات و تێکۆشانی کرد لە دژی ئەو هێزە ئیمپریالستی‌یانە کەلە چەند سوچێکی گێتی‌یەوە هێرشی نارەوایان هێنابووە سەری بە مەبەستی تاڵانکردن و دابەش‌کردنی خێر و بێری وڵاتەکەی، لە ئەنجامی خەباتی سەختی گەلی ڤیتنام سەرکەوتنی وەدەست هێناو توانی گەورەترین هێزی ئیمپریالیزمی جیهانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی تێک و پێک بشکێنێ و ئەو ئەمریکا زەبەللاحە چۆکی دادا بە بەرامبەر بە گەلی ڤیتنام لێرەدا قسە بە نرخەکەی لینین‌مان دێنێتەوە یاد کە دەڵێ:- «هەموو کۆنەپەرستەکان پڵنگی لە مقەبا دروست کراون بە دیمەن سامدارن، لە راستیا هێزیان زۆر گەورە نی‌یە ئەگەر بەوردی سەرنج بدرێ ئەزانرێ کە هێز و توانای گەورە لە میللەتایە نە لە کۆنەپەرستەکانا».

سەلماندی کە هیچ هێزێک نی‌یە لە دونیا دا بتوانێ سەر بە گەلێک دابنەوێنێ کە لە پێناوی رزگاری و ئاشتی دا بجەنگێ ئێمرۆکە لە کوردستانی گەورەمان‌دا داگیرکەران شەری لەناو بردنی گەلی کوردیان بەرپا کردووە، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ ئاگری شۆڕش بە جۆش تر دەبێ و ورەی خەڵکی کوردستانیش تادێت بە هێز و پتەوتر دەبێت بە سەرکەوتن و نەمانی داگیرکەرانی لەم‌ڕووەوە بیری پێشکەوتوو فێرمان دەکات کە هەموو کۆنەپەرستەکان خەریکی ئەوەن کە شۆڕشەکان بە کوشتنی بە کۆمەڵ لەناو بەرن، بروایان وایە کە هەر چەندە خەڵکێکی زۆرتریان سەربڕی باشتر جەزرەبە

www.arsivakurdi.org

## مرۆڤایەتی لە شیعری شاعیری میللی‌مان

# جگەر خوێنی نەمردا

کەمال مستەفا مەعروف

لە پەنجاکاندا بابەتی مرۆڤایەتی لە ئەدەبی کوردی‌دا سەری هەڵدا، ئەم بیرە تازەیەش کە لە پشتگیری کردن و هەست دەربڕینی شاعیران و نووسەرانەوە خۆی دەنوێنێ بە مەبەست و ئامانجی یەکگرتنی هەموو گەلانی چەوساوەی جیهانە دژ بە ئیمپریالزم و نۆکەرەکانی کە دوژمنی سەرەکی مرۆڤن. لە دوای جەنگی دووەمی جیهان بە رووخانی ئەلمانیای هیتلەری.

بزوتنەوەی رزگاری خوازی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی گورزی کوشندەی وەشاند لە ئیمپریالیزم و نۆکەرانی کە خۆی لە پەیوەندی دەرەبەگایەتی و رژێمە کۆنەپەرست و برجوای کۆمپرادۆر و بیرۆکراتەکان دا ئەنوێنێ و دەست کەوتنی مەزنی بەدەست هێناوە بۆ جەماوەری گەل.

سەرکەوتنی شۆڕشی چین لە ١٩٤٩ دا و سەرکەوتنی شۆڕشی کۆبا لە ١٩٥٨* و سەرکەوتنی گەلی میسر لە شەڕی قەناتی سوێس لە ١٩٥٦ و رزگار بوونی گەلی جەزائیر لە ١٩٦٢ و سەرکەوتنی گەلانی ڤێتنام و کەمبۆدیا و لاووس دژی داگیرکەری ئەمریکای لە ١٩٧٥ دا. ئەم سەرکەوتنانە بوونە هەوێن و سەرمەشق بۆ گەلانی تر و لە ئەدەبیاتی رۆژهەلاّت و رۆژئاوادا ڕەنگی دایەوە، شاعیر و نووسەرانی کوردیش کە هەڵگری بیری پێشکەوتنخواز بوون و ئاگاداری ئەم ڕاپەڕین و جموجۆلە سیاسی‌یانەی گێتی‌ی بوون لە شیعرەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. کامەران موکری نەمر لە هۆنراوەی جەمیلەدا هەستی گەلی کورد بەرامبەر خەباتکەرانی جەزائیر پێشان دەدات، دڵزار باسی سەرکەوتنە مەزنەکەی گەلی چین دەکات، گۆران لاوکی سوور بۆ کۆریای ئازاد دەڵێ، موحەمەد حوسێن بەرزنجی گۆرانی بۆ سەرکەوتنی ڤێتنام دەڵێ.

جگەر خوێنی نەمرمان لە ڕوانگەی تەسکی نەتەوەیی‌یەوە کێشەی گەلەکەی نەخستۆتە ڕوو بەڵکو بەستویەتیەوە بە کێشەی مرۆڤایەتی لە جیهاندا لە پیناوی نەهێشتنی



Cîgerxwîn

چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە.

هەر زوو درکی بەوە کردوە کە کێشەی چینایەتی، کێشەیەکی گرنگە و بزوێنەری مێژووە، لەم پێودانگەوە هەنگاوی ناوە و شعرەکانی بوونەتە پارچەیەک لە ژان و ژواری چەوساوەکان. بە زمانێکی ساکار و سادە کە زمانی پاڵە و جوتکار و کرێکارانی کوردستانە، دەنگی خۆی بەرز دەکاتەوە و پشتگیری کاروانی خەبات و تێکۆشانی هەموو گەلانی ئازادی‌خوازی دەکات، هەستی کوردی بەرامبەر بە گەلی فەلەستین و ڤێتنام پێشان داوە، گۆرانی بۆ هەڤاڵ رۆبنسن و ئافرەتانی جیهان و میهرەجانی بەرلین ووتووە، شینی بۆ ستالین و یادی لینینی مەزنی بە شیعر هۆنیوەتەوە، شاعیر بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردی بە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جیهان بە تایبەتی گەلی فەلەستین دژی ئیمپریالیزم زایۆنیزم و پیلانە چەپەلەکانیان

www.arsivakurd.org

درا، راپۆرت درابوو، کە کەوتوونەتە بەر هێرشی گازی کیمیایی ترسناک.

ئەنجام سەبارەت بە شەست نەخۆش لەو نەخۆشانە بەم جۆرەی لای خوارەوە بوو:

١١ نەخۆش لە نەخۆشخانەی (لەبافی نژاد).

٩ نەخۆش لە نەخۆشخانەی (بقیە اللە).

٢٦ نەخۆش لە نەخۆشخانەی (لقمان الدولە).

وەرگیران و دەست کرا بە تیمارکردنیان. هەرسێ نەخۆشخانەکان لە تاران بوون. ١٤ نەخۆش لە بنکەی راهێنان و بەهێزکردنی (مفتح) لە نزیکی تاران لە ژێر چاودێری پزیشک دانران. سەرەرای ئەمانەش شەش نەخۆشی تر فەحس کران، سێ کەسی لە بنکەی وەرگرتن و کۆنترۆلی باختەران، سێ کەسی تر کە لە گوندی نۆدۆش کەوتبوونە بەر گازی ژەهراوی لە ژێر چاودێریدا دانرابوون. جگە لەمەش تەرمێک لە نەخۆشخانەی (لەبافی نژاد) معاینە کرا.

٨- لە گوندی نەجمال پسپۆری پزیشکی لەگەڵ سێ کەس کە لە ژێر کاریگەریتی چەکی کیمیاییدا ناڕەحەت بوون گفتوگۆی کرد. بەهۆی کەم بوونی کات هیچ فەحسی پزیشکی یان چاودێری پزیشکی سەبارەت بەوانە ئەنجام نەدرا.

٩- ئەو نەخۆشانەی کە فەحس کران بە شێوەیەکی نارێکوپێک لە نێوان ژمارەی گشتی نەخۆشەکان کە هەر یەک لە نەخۆشخانە و بنکە ناوبراوەکان وەرگیرابوون و خەبەر گەیشتبوو کە کەوتبوونە بەر هێرشی چەکی کیمیایی، هەڵبژێردران. بەپێی ئەو زانیارانەی کە پزیشکەکانی هەرسێ نەخۆشخانە و بنکەکان کە سەردانیان کرا (نەخۆشخانەی لەبافی ، لقمان الدولە، بنکەی مفتح) لەگەڵ ٥١ نەخۆش لەوانەی کە لە نەخۆشخانەدا کەوتبوون پێشکەش کرا. بەگشتی ٦٠٠ کەس کەوتبوونە بەر هێرشی چەکی کیمیایی. پێش یان لە کاتی سەردانی پسپۆرەکە کە لە نەخۆشخانە وەرگیرابوون لە نەخۆشخانە و بنکەکانی تر زانیاریەکی زۆر دەست نەکەوت.

١٠- سەردرا لە ٥٦ نەخۆشی تر. بەڵام رابووردووی فەحس کردنیان وەرنەگیرا و فەحس نەکران.

١١- بەهۆی فەحسێکی سادە کە پسپۆرەکە خۆی ئەنجامی دا، دیارکەوت کە زۆربەی نەخۆشەکان سەرەرای ئەو ٦٦ نەخۆشەی باسکرا، کەوتبونە بەر مادەیەکی پێست هەڵتۆقێنەر. شوێنەواری ئەم مادەیە بە فەحسی پزیشکیی سادە دەبینرێ.



Foto: S.Hjerten

١٢- فەحسی پزیشکی نەخۆشەکان کە لەم راپۆرتەدا روونکرایەوە، پسپۆری پزیشکی خۆی ئەنجامی داوە. رابووردووی پزیشکی نەخۆشەکە، تەمەن و ناو، هەروەها کات و شوێنی هێرش و بابەتی گفتوگۆ، و یەکەمین شت کە بووە هۆی ئەوەی نەخۆشەکان باوەڕ بکەن کە کەوتوونەتە بەر کارتێکردنی مەوادی کیمیایی لەگەڵ پرسیارێک کە بەهۆی وەرگێڕ کرا، کە لەم رووەوە رەنگە لە شێوەی قسەکردن و شوێنی جوگرافیدا هەندێ هەڵەی بچووک بەرچاو بکەون. شوێنەکان کە لەسەر ئەو نەخشەیەی بەکاردەهێنرا، جیاوازی هەبوو، دیاری کران. بەم هۆیەوە دەشێ جۆرە کەموکوڕیەک هەبێ، هەروەها رەنگە لە مێژووی کاتی هێرش هێنان هەڵەیەکی بچووک بەرچاو بکەوێ. چونکە نەخۆشەکان بەهۆی بارودۆخی دەروونییان و تێپەڕبوونی ماوەیەک بەسەر کاتی هێرشەکە و پێویستی گۆڕینی مێژووی کۆچی بۆ مێژووی زاینی، هەندێک جار کە زانیارییان دەدا دڵنیا نەبوون.

١٣- لە شەست و شەش نەخۆش کە فەحسی پزیشکی کران، لە شەست و دوو کەس کە گرووپی ئەسڵی بوون، نیشانەکانی بەرچاو و رووناکیی کارتێکردنی گازی خەردەل دیار بوو.

١٤- چۆنییەتی برینەکان بەهۆی ئەوەی کە ماوەی کاتی هێرش و فەحس کردنەکان لە دووربوون جیاواز بوون، زۆربەی نەخۆشەکان ماوەیەک لە دوای هێرشەکە معاینە کران، ٥٩ کەس لەوانە دوای شەست رۆژ لە هێرشەکە فەحس کرابوون.

(ماویەتی)

تێبینی :

ئەم راپۆرتە لە رۆژنامەی ئێران تایمزی ژمارە ١٩٨٨/١٠٩٠٨دا چاپکراوە.

www.arsivakurdi.org

ئێران و عێراقدا.

د: راپۆرتی ٨/ئایار/١٩٨٧ی وەفدی ئەمینداری گشتی (ڕ. ن. ی.) بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی تاوانەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا.

هـ: نامە تایبەتییەکان سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کە ئێران لە کاتی بڵاوبوونەوەی راپۆرتی ٨/ئاداری/٩٨٧ رەوانەی کردبوون بۆ ئەمینداری گشتی.

و: نامە تایبەتییەکان سەبارەت بە چەکی کیمیایی کە عێراق لە کاتی بڵاوبوونەوەی راپۆرتی ٨/ئایاری ١٩٨٧دا رەوانەی کردووە بۆ ئەمینداری گشتی.

س: بەیاننامەکانی ئەنجومەنی ئاسایش و ئەمینداری گشتی لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کاتی بڵاوبوونەوەی راپۆرتی رێکەوتی ٨/ئایاری/١٩٨٧دا.

٣- ئێمە لە دەستپێکردنی مسودەی راپۆرتەکەدا، بە پرۆتۆکۆلی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی گازەژەهراوییەکان و جەنگی میکرۆبیدا چووینەوە کە لە ١٧/تەمموزی ١٩٢٥دا لە جنێڤ مۆرکرابوو.

**٣- شێوەی ئەنجامدانی کار**

٤- بەبۆنەی ئەنجامدانی ئەرکی خۆم، هەروەک پێویست بوو ئەم کارانەم ئەنجام دا:

أ: چاوپێکەوتن لەگەڵ کاربەدەستانی رژێمی ئێران و عێراق لە تاران و بەغدا، بۆ بەدەست هێنانی زانیاری دەربارەی تاوانی بەکارهێنانی چەکە کیمیاییەکان.

ب: فەحسی کلینیکی: یان فەحسی پزیشکی ژمارەیەک لە نەخۆشەکان کەوا دیار دەکەوت کەوتبوونە بەر چەکی کیمیایی و گفتوگۆیان لەگەڵ کرا.

فەحسی کلینیکی لە کۆماری ئیسلامی ئێران لە سێ نەخۆشخانەی تاران، لەیەک بنکەی (تقویە) سەرئەنجام درا، لە بنکەی وەرگرتن و کۆنترۆڵ کردنی ئەو کەسانەی کە لە باختەران (کرماشان) بریندار ببوون و لە عێراقیش لە نەخۆشخانەی سەربازی (الرشید) لە بەغدا.

ج: لە کۆماری ئیسلامی ئێران سەردانی گوندەکانی نودوش، نەجمال کراوە. پسپۆرێکی پزیشکی چەندین فەحسی پزیشکی ئەنجام دا و گفتوگۆ کرا لەگەڵ ئەو گوندیانەی کاتی هێرشی کیمیایی لەو گوندانە بوون.

د: لە عێراق سەردانی شاری سلێمانیمان کرد بۆ بەدەست هێنانی زانیاری زۆرتر لەسەر هێرشی کیمیایی لە ناوچەی هەڵەبجە کە خەبەر گەیشتبوو لێپرسراوانی سەربازیی عێراق بریندار کراون. لێکۆڵینەوەی پێویست لە لایەن وەفدی پسپۆری پزیشکی ئەنجام درا.

٥- وەفدەکە سێ رۆژ لە ئێران و سێ رۆژ لە عێراق مایەوە. لە تاران وەفدەکە لەگەڵ پایە بەرزەکانی وەزارەتی دەرەوە چاوپێکەوتنێکی کرد و سەردانی چەندین بنکەی پزیشکی کرد و سەری دا لە شاری باختەران (کرماشان) کە دەکەوێتە ٦٠٠ کم خوارووی رۆژئاوای تاران.

هەروەها چوونە گوندی نودوش و نەجمال کە دەکەونە ژووررووی باختەران، کە دیار بوو کەوتبوونە بەر هێرشی کیمیایی. وەفدەکە سواری فڕۆکە بوو لە تارانەوە بۆ بەختەران و دوایی بە هێلیکۆپتەر چوو بۆ نودوش و نەجمال و لە رێگا راوەستانێکی بچووکی کرد بۆ سەردانی شاری سنە و لە گەڕانەوەشدا هەر بەو رێگایەدا گەڕایەوە، سەفەرەکە ١٢ سەعاتی خایاند.

٦- لە بەغدا لەگەڵ پایە بەرزەکانی وەزارەتی دەرەوە چاوپێکەوتن کرا و سەردرا لە نەخۆشخانەی (الرشید) و چووین بۆ شاری سلێمانی، کە نزیکەی ٣٥٠ کم دوورە لە بەغداوە. کاربەدەستە سەربازییەکانی عێراق هەندێ زانیارییان پێشکەش کردین. ئەم سەفەرە بە هێلیکۆپتەر ئەنجام درا و نزیکەی شەش سەعاتی خایاند.

**٤- لێکۆڵینەوە لە کۆماری ئیسلامی ئێران.**

أ: لایەنە پزیشکییەکان.

٧- لێکۆڵینەوە پزیشکییەکان کە بە هۆی پسپۆری پزیشکی ئەنجام درا، فەحسی کلینیکی لەگەڵ «٦٦» نەخۆش ئەنجام



Foto: Stefan Hjerten

www.arsivakurdi.org

# سەبارەت بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی

**راپۆرتی دکتۆر مانوئیل دومینگز**

**نوێنەری سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران و عێراق**

**وەرگێرانی لە فارسییەوە -جەنگۆ-**

***نوێنەری ئەمینداری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان بۆ ئێران و عێراق، بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەیەی کە سەبارەت بە تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە جەنگی ناڕەوای نێوان دوو ولاّتدا کە بۆ ئەمینداری گشتی نووسیوە دەڵێت:***

***«بەپێی ئەو بەڵگە نامانەی کۆکراوەتەوە، لە کاتی ئەنجامدانی ئەم ئەرکەمدا، سەرەڕای بانگەوازە بەردەوامەکانی رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان (ڕ. ن. ی.) بۆ بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە ناوچەکەدا، بەلاّم بە ئەندازەی فراوانتر لە جاران، هێشتا بەردەوامە.». هەروەها نوێنەری (ڕ. ن. ی.) لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەم بۆچوونەی بەردەوامی بەکارهێنانی ئەم جۆرە چەکانە لە شەڕەکانی ئێستا مەترسی کەڵک وەرگرتنی ئەوان لە شەڕەکانی داهاتوودا زیاتر دەکات. هەروەها خستیە بەرچاو کە ئەگەر تێکۆشانێکی بنەڕەتی ئەنجام نەدرێت رەنگە ئەم دیمەنە ترسناکە ببێتە راستی.***



Foto: S.Hjerten

## دەقی راپۆرتەکە

**١- رابووردووی کار:**

١- ئەمینداری گشتی (ڕ. ن. ی.) لە بەردەوامی لێکۆڵینەوەکانی کە لە ساڵەکانی ١٩٨٤ - ١٩٨٥ - ١٩٨٦ - ١٩٨٧ ئەنجام دراون هەستیان کرد بۆ لێکۆڵیەوە سەبارەت بەو تاوانانەی کە ئێران و عێراق دەربارەی کەڵک وەرگرتن لە چەکی کیمیایی لە شەڕدا یەکتری تاوانبار دەکەن، پسپۆڕێکی پزیشکی رەوانە بکەن، یەکەم جار بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران و دوایی بۆ کۆماری عێراق. داواکرا لە پسپۆڕەکە کە تا ئەو جێگایەی داتوانێ ئەم بابەتە کە ئایا چەکی کیمیایی بەکار هێنراوە یان نەء و راستە بەکار هێنراوە، جۆری، ئەندازەی، هەل و مەرجی بەکارهێنانی دیار بکات.

پایە بەرزێکی (ڕ. ن. ی.) لەگەڵ پسپۆڕەکەدا بڕوات بۆ ئەوەی ئەو ئەرکانەی پێی سپێردراوە رێکی بخات و پەیوەندی لەگەڵ ئێران و عێراق ساز بکات.

**٢- لێکۆڵینەوە لە بەڵگە نامەکان.**

٢- بۆ ئامادەکردنی مسۆدەی ئەم راپۆرتە بە لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دەستم پێکرد:

أ: راپۆرتی رێکەوتی ٢٦/مارتی/١٩٨٤ی ئەو پسپۆرەی کە لە لایەن سکرتێری گشتی (ڕ. ن. ی.) نێردرابوو بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئیدیعای کۆماری ئیسلامی ئێران کە چەکی کیمیایی بەکارهێنراوە.

ب: نامەی رێکەوتی ١٧/ئەپریلی/ ١٩٨٥ی ئەندامی گشتی (ڕ. ن. ی.) بە ناونیشانی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش دەربارەی فەحسی پزیشکی کە لە ئەپریلی ١٩٨٥ ئەنجام درابوو.

ج: راپۆرتی رێکەوتی ١٢/مارتی/١٩٨٦ی وەفدی ئەمینداری گشتی (ڕ. ن. ی.) بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی تاوانەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە شەڕی نێوان

www.arsivakurd.org

کەمتەرخەمیی نەکردووە.

لە سەرەتای هاتنی بەعسییەکان بۆ سەر حوکم لە دوای کودەتا رەشەکەی ٨/شوباتی/ ١٩٦٣ و هاتنە سەر حوکمی عارفییەکان و جارێکی تریش گەڕانەوەی بەعسییەکان جەنگەکە گەرمتر بوو... هێرش کردنە سەر کوردستان و پەلاماردان و سەرکووت کردنی کورد بوو بە کارێکی رۆژانە و ئاواتی هەرە گەورەی رژێم.

بەلاّم دە ساڵ زیاتر،ئاگری رەگەزپەرستی رژێمی فاشی و دیکتاتۆری عێراق بەتەواوی جۆش و کڵپەی سەندووە و نەخشە و پیلانەکانی رژێم نەک تەنیا بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمانە، بەڵکو بۆ ریشەکێش کردنی گەلی کورد و نەهێشتنی ناوی کوردستانە...

بەزۆر بەبەعسی کردنی دانیشتوان و بەعەرەب کردنی چەندەها ناوچەی کوردی و وێرانکردنی هەزاران گوند و راگواستنەوەی دێهاتییەکان بۆ بیابانەکانی خوارووی عێراق و بەردەوامی کوشتن و برین و پڕکردنی زیندان و گرتووخانەکان و لە سێدارەدانی هەزاران کورد تا دەگاتە بەکارهێنانی گازی کیمیایی هەموو نیشانەن بۆ ئەو مەبەستە گڵاوەی بەعسیە رەگەز پەرستەکان.

سەرەڕای ئەوەی دەیان ساڵە جەنگی رژێمە کۆنەپەرست و رەگەزپەرستەکانی عێراق بەردەوامە دژی گەلی کورد و بزووتنەوە شۆڕشگێڕییە ئازادیخوازیەکەی، هەشت ساڵە جەنگێکی تریش - جەنگی ئێران و عێراق - قورسایی خۆی خستۆتە سەر کوردستان و لەم چەند ساڵەی دواییدا کوردستانی کردووە بەیەکێ لە گۆڕەپانە گەرمەکانی خۆی و نەک تەنیا پریشکی ئاگرەکە بەر کوردستان دەکەوێ، بەڵکو زۆر ناوچەی کوردستان بەهۆی ئەم جەنگە ناڕەوا و وێرانکارییەوە بووە بە دۆزەخ و تەڕ و وشکی پێکەوە سووتاندووە، وەک چۆن حاجی ئۆمەران و پێنجوێن دوا ناوچەی کوردستان نەبوون کە بەو ئاگرە هەڵقرچێن، هەروەها هەڵەبجەش دوا وێرانەخاک نابێت.

رژێمی دیکتاتۆری بەعسیەکان هەمیشە هەوڵ دەدات کە دەنگوباسی جەنگی یەکەم ... جەنگی رژێم بۆ قەلاچۆکردنی گەلی کورد داپۆشێ و وا لە جیهان بگەیەنێ کە لە عێراقدا بەپێچەوانەی هەموو پارچەکانی تری کوردستان زۆر لە مێژە کێشەی کورد بە برایانە و ئاشتیانە چارەسەرکراوە .... بەلاّم کە لە ژێر فشاری رووداوەکاندا ناچار دەبێ باسی شۆڕشی ئازادیخوازانەی ئیمڕۆی کوردستان بکات کە خاوەنی هەزاران شەهید و بریندارە، زۆر بە ئاسانی دەیکات بە پاشکۆ بۆ ئەرتەشی ئێران و وەک هەندێ ناپاک و خۆفرۆش ناویان دەبات.

کوردستانێکی داگیرکراوی پەرت و بڵاوی دوژمن زۆر و گەلێکی چەوساوە و بن دەست و کەم دۆست لەژێر ئاگربارانی دوو جەنگدا دەژی. کۆتایی هێنان بەم دوو جەنگە هیوا و ئاواتی هەموو کوردە، بەلاّم هەر یەکەیان بارو زرووفی مێژوویی و خاسیەت و هەل و مەرجی خۆی هەیە بۆ کۆتایی پێ هێنان.

تەواو بوونی جەنگی نێوان ئێران و عێراق ئەوە ناگەیەنێ کە ئیتر رژێم واز لە جەنگی رەگەزپەرستانەی خۆی دەهێنێ دژی کوردستان، یان گەلی کورد دەستبەرداری داخوازییە رەواکانی خۆی دەبێت و واز لە درووشمەکانی خۆی دەهێنێت.

بەپێی مێژوو، بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگی ئێران و عێراق هەبووە و خاسیەت و داخوازیی تایبەتیی خۆی هەیە و دوای تەواو بوونی ئەم جەنگەش - بەهەر شێوەیەک بێ - هەر دەمێنێ، تا چارەسەرێکی ئەو بار و دۆخ و زرووفە دەکرێت کە بووە بەهۆی درووست بوونی ئەو بزووتنەوەیە ، کە ئەوەش ئەمڕۆ بەم شێوەیە خۆی دەنوێنێ.

١- رووخاندنی رژێمی فاشیی سەددام حسەین.

بەتاقیکردنەوە سەلمێندراوە کە ئەو رژێمە لەبەر رەگەزپەرستێتی و دیکتاتۆرێتی ناتوانێ چارەسەری «ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد بکات ... لە نێوان کورد و ئەو رژێمەدا، نەک تەنیا ناکۆکی ناتەبایی هەیە، نا، بەڵکو جەنگی مان و نەمانە ... تا ئەو رژێمە هەبێ بوونی کورد وەک گەل لەسەر خاکی خۆی لەمەترسیدا دەبێت. واتە پاش تەواوبوونی جەنگی ئێران و عێراقیش ئەگەر ئەو رژێمە مایەوە، ئەم درووشمە هەر دەمێنێ.

٢- دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی لە عێراقدا کە بتوانێ دان بنێ بە مافی خۆبڕیاردانی چارەنووسدا بۆ گەلی کورد لە کوردستانی خوارووددا...

لەبەر ئەوەی بزووتنەوەکە بەر لە هاتنی رژێمی بەعسییەکان هەبووە و تەواو بوونیشی بەند نییە بە کۆتایی هێنان بە رژێمەکەیان و هاتنی رژێمێکی تر ... چونکە داخوازیی گەلی کورد تەنیا ئاڵ و گۆڕکردنی شێوە و روخساری سەرانی رژێم نییە، تا ئامانجەکانی بزووتنەوەکە نەهێنرێتە دی لەسەردەمی هەر جۆرە رژێمێکدا بێ.

بێگومان شۆڕشی کورد هەر بەردەوام دەبێ.

www.arsivakurdi.org

شۆڕشگێر و دژ بە فاشیستی کردبو کە دژی ئەو زوڵم و زۆرداریيانە چالاکی بنوێنن.

شایانی باسە کە دوا بەدوای کودەتا سەربازیەکەی ١٢/ئەیلول/١٩٨٠ لە تورکیادا رۆژ بە رۆژ ژمارەی زیندانییە سیاسیەکان لە زیاد بوندان، بە تایبەتی لە کوردستاندا، کە رژێمە فاشییە سەربازییەکە دڕندانە بەرەنگای بچوکترین چالاکی کورد دەبێتەوە.

زیندانە بەدناوەکانی دیاربەکر، وەک قەسابخانەکانی موسڵ و کەرکوک و ئەبوغریب دەزگایەکی ترە بۆ سەرکوتکردنی گەلەکەمان... تا ئێستا دەیان خەباتگێری کورد یان لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە دا یان بە لە سێدارەدان لەو زیندانانەی دیاربەکر دا شەهید بوون، تا ئیمرۆش سەدان بەڵکو هەزاران مرۆڤی شۆڕشگێر و پێشکەوتنخواز لەناو ژورە تاریکەکانی زیندانەکانی دیاربەکر دا بە هیوای هەڵاتنی رۆژی ئازادی لەگەڵ زڕەی زنجیر و لەناو ئازار و ئەشکەنجە و ژان دا دەژین.

بەرامبەر هەڵسوکەوتی نامرۆڤانەی ئەو فاشیانەی تورکیا هیچ کاتێک زیندانییە سیاسیەکان بێ دەنگ نەبون و بەردوام بۆ ریسواکردنی رژێمی سەربازی مانیان گرتوە و لەم رێگەیەدا زۆر قوربانیان بەخت کردوە... هەر بۆ نمونە رۆژی ١٩٨٤/١/٦ ئاگر بەردرایە بەشێکی زیندانی دیاربەکر، لە ئەنجامدا، پانزە کورد بە ئاگر شەهید بوون. دوای ئەوەش سەربازەکان هێرشیان بردە سەر زینداکە و کەوتنە گوللە بارانکردنی کوێرانەی زیندانییە سیاسیەکان هەشت کوردی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازیان شەهید کر کە یەکێک لەوان شەهید «نەجمەدین بیوکایا»ی نەمر بوو کە وەک پێشمەرگەیەکی دڵسۆز هاوبەشی خەباتی بزوتنەوە ئازادیخوازیەکەمانی کردبو لە کوردستانی عێراق و ئێران.

هەروەها لەو گوللە بارانکردنە دا پتر لە پانزە زیندانیی تر بریندار بو بوون.

دوا بە دوای ئەو کارەساتانە ٤٣ چل و سێ زیندانیی مەرجیان کرد ئەگەر داخوازییەکانیان جێبەجێ نەکرێ تا مردن نانناخۆن. لە ٢/ئازار/١٩٨٤ تێکۆشەر «جەمال ئارات» کە پتر لە مانگێک دەبوو نانی نەخوارد بوو بەبرسێتی شەهید بوو.

تێبینی:-

بۆ نوسینی ئەم بابەتە سود وەرگیراوە لە:

١- رۆژنامەی ئارمانج ژمارە ٧٧. ٧٨. ٨٠

٢- گۆڤاری پێشەنگ ژمارە ٥/ نیسانی ١٩٨٤

# کوردستان لەژێر ئاگربارانی دوو جەنگدا

بڕیار

لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و بەزۆر پێکەوەلکاندنی بەشێکی کوردستان بەو وڵاتە دەستکردەوە کێشەی گەلی کورد هەمیشە و بەردەوام یەکێک بووە لە کێشە سەرەکی و بنەڕەتیەکانی ئەم وڵاتە ... کە تا ئێستا لە ئاسۆدا هیچ چارەسەرێکی وا رەچاوناکرێ بۆ کۆتایی هێنانی یەکجارەکی بەو بارە سەخت و دژوارە و بەو ململانێ خویناوییە درێژخانەیەی کە ئەو کێشەیە هێناویەتە کایەوە.

پێکەوە لکاندنی بەشی خواروی کوردستان بە عێراقەوە، چەندین هۆی تایبەتیی خۆی هەیە، کە مەسەلەی بوونی نەوت لە کوردستاندا بەلای وڵاتە کۆلۆنیالیەکانەوە بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا گرنگترین هۆی ئەو کارە بوون. تا ئیمرۆ حکومەتە یەک بەدوای یەکەکانی عێراق زۆر بە چاکی پیلانەکانی ئەو وڵاتە ئیمپریالیستانە جێ بەجێ دەکەن کە ناوچەکەیان بە جۆرێک دابەش کردووە کە بە ئاسانی نەتوانێ سەربەخۆیی راستەقینە بەخۆیەوەببینێ.

سەرجەمی رژێمەکانی عێراق کە هەر بە دەستی چینی بۆرژوا و مشەخۆرەکانی سەر بەنەتەوەی سەردەستە بوون، بەبێ دریغی کردن گشت توانایان بەکارهێناوە بۆ کپ کردنی هاواری ئازادی لە گەرووی گەلی کوردی ژێردەستە و چەوساوەدا.

لە بەرامبەر زوڵم و زۆرداری و زۆرەملێیدا، بۆ گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی، زنجیرەیەک راپەڕین و شۆڕشی یەک لە دوای یەک لە کوردستانی عێراقدا بەرپاکراوە، وەک شۆڕشەکانی شێخ مەحموود، شۆڕشەکانی بەرزان، شۆڕشی ئەیلول و شۆڕی ئێستای کوردستان. واتە لەو کاتەوە ئەم دەوڵەتە نوێیە لەلایەن وڵاتە کۆلۆنیالیەکانەوە بەسەر دانیشتواندا سەپێنرا ... لە کوردستانی خواروو بەردەوام ئاگری جەنگ لە کڵپە سەندندا بووە دژی گەلی کورد لە لایەن بۆرژوای نەتەوەی سەردەستە، کە بۆ چەوساندنەوە و لێدانی چینە هەژار و رەنجدەرەکانی سەر بە نەتەوەی خۆشی

www.arsivakurdi.org

٢- بتوانن لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ کەس و کارەکانیان لە کاتی سەر لێدانیان بە کوردی قسە بکەن.

٣- دیاری کردنی ماوەی سەر لێدانیان و کەم نەکردنەوەی ئەو ماوەیەی بۆیان دیاری کراوە.

٤- ڕێگا دان بە هێنانە ناوەوەی ڕادیۆ و کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار.

لە ٢٩/کانونی دوەمی ئەم ساڵدا ٤٠٣ کەس لە زیندانییەکان مانیان گرت لە نانخواردن، کەس و کارەکانیان و هاو وڵاتیان لە دەرەوەی زیندان بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ مانگرتوەکان چالاکانە کەوتنە کار کردن و ڕایانگەیاند کە ئەگەر زوڵم و زۆرداری دژی زیندانیەکان ڕانەگیرێ ئێمەش لە بەردەم زیندان و دائیرە ڕەسمیەکاندا دەست دەکەین بە خۆپیشاندان و مانگرتن.. دوا بە دوای ئەوانیش زیندانیە سیاسیەکانی زیندانی مەدەنی دیاربەکر و زیندانیەکانی ئاگری و مەلاتیە و مەتریس و ئەسکیچەهیر بۆ هاوکاری دەربرین لەگەڵ مانگرتوەکان دەستیان کرد بە مانگرتن.

هەروەها نوێنەرانی(SHP) لە ماردین و دیاربەکر بۆ پشتگیری کردن لە داواکارییە ڕواکانی زیندانیەکان لە بارەگای (SHP) لە دیاربەکر مانیان گرت لە نانخواردن. حکومەتی فاشی تورکیا دژی ئەو دوو نوێنەرە کەوتە پڕوپاگەندە کردن و بۆ ترساندنیان بۆمبایەک فڕێ درایە بارەگاکەیان..

ئەمجارە جۆنتای فاشی ناچار بوو کە داواکارییەکانی زیندانیەکان قبوڵ بکات کە ئەوەش گەورەترین دەست کەوت بوو بۆ زیندانیەکان بە تایبەتی لە دوای کودەتا عەسکەرییەکەی ١٢/ ئەیلولی/١٩٨٠ تا ئیستا.

ئەمجارەش لەم مانگرتنە دا خەباتیگێری کورد (م. ئەمین یافوز) لە برسا شەهید بوو، کە خۆی فەرمانی لە سێدارەدانی بە سەردا درابو، زیاتر لە یانزە خەباتگێری تر لە بەر توش بونی نەخۆشی کە بە هۆی مانگرتنەکەوە توشیان بوو برانە نەخۆشخانە.

دوای بەدەست هێنانی ئەو سەرکەوتنە گەورەیە، فاشیەکانی تورکیا بۆ تۆڵە سەندنەوە (٤٠) چل زیندانی سیاسیان لە دیاربەکرەوە بە زۆرەملێ گواستەوە بۆ زیندانەکانی عێنتاب و ڕوها... ئەمجارەش زیندانیەکانی دیاربەکر بۆ ناڕەزایی دەربرین بەرامبەر ئەم کارە ناڕوایە لە ٧/ ئازارەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ مانیان گرت.

جارێکی تر لە ٥/ نیسانی ئەمساڵدا (١٢٧) زیندانیی سیاسی زیندانی مەدەنی دیاربەکر دەستیان کرد بە مانگرتن لە نانخواردن... ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەی مانگرتوەکان ڕوو لە زیادی بوو تا گەیشتە (٣٥٠) کەس.



*Foto: Armanc/Diyarbekir*

ئەمجارەش لە دەرەوەی زیندان کەس و کاری زیندانییەکان و هاو وڵاتیان بە گەرمی پشتگیریان لە مانگرتنەکە کرد و ڕۆژی ١٨/ نیسان لە بەردەم زیندانەکەدا مانیان گرت و بینای زیندان و عەدلیەی دیاربەکریان بەردەباران کرد. پۆلیس ٢٧ کەسی گرت کە ٢٥ کەسیان ئافرەت بوون... دیسان زیندانیە سیاسیەکانی زیندانی عەسکەری دیاربەکر بۆ هاوکاری کردن لەگەڵ زیندانیەکانی زیندانی عەسکەری دوو ڕۆژ نانیان نەخوارد ڕۆژی ١٩/ نیسان لە بارەگاری (SHP) ٤٨ کەس مانیان گرت و نیقابەی (پیترۆل- ئیشی) و (یۆل- ئیشی) هاوکاری خۆیان دەردەبری لەگەڵ مانگرتوەکان. مانگرتنەکە تا ٢٠/ نیسان بەردوام بوو.. ئیتر کەس و کاری زیندانیەکان کە بەو بۆنەیەوە گیرابون بەردران و بەڕێوەبەری زیندان ڕایگەیاند کە داخوازیەکانیان جێبەجێ دەکەن.

لە ڕۆژی مانگرتنەکەشدا کۆمیتەی زیندانییە مانگرتووەکان بەیاننامەیەکی پێنج لاپەرەیی بلاوکردەوە سەبارەت بە هۆیەکانی مانگرتنەکە و بۆ ئاشکرا کردنی داخوازییەکانیان و بۆ ریسواکردنی ڕژێمی فاشی تورکیا کە بە درۆ و دەلەسە لافی دیمۆکراسی لێ دەدات و دەیەوێ بە بێژنگ بەری خۆر بگرێ... لە بەیاننامەکەیاندا داوایان لە گشت هێز و لایەن و کەسانی پێشکەوتوخواز و دیمۆکراسی و

www.arsivakurdi.org



Foto: Armanc/Diyarbekir

# مانگرتنی زیندانییە سیاسییەکانی دیاربەکر

چالاک

* دوای چەند جار مانگرتن رژێمیان ناچار کرد هەندێ لە داواکارییەکانیان جێبەجێ بکات.
* کەس و کاری زیندانییەکان و هاووڵاتیان پشتگیری مانگرتنەکەیان کرد.
* سێ ئافرەت لە بەردەم سەرای دیاربەکر دا بۆ ناڕەزایی دەربڕین دژی رژێم ئاگریان بەردایە خۆیان.

لە ١٠/ ئایاری ئەم ساڵدا ٣٧٤ زیندانیی سیاسی لە زیندانە بەدناوەکەی دیاربەکر دا بۆ جارێکی تر کەوتنە مانگرتن لە خواردن. چونکە دەستەڵاتدارە عەسکەرییەکان خەریکی جێبەجێ کردنی پیلانێک بوون بۆ پوچەڵ کردنەوەی ئەو دەستکەوتانەی زیندانییەکان لە مانگرتنەکەی دوو مانگ لەوە و بەریان بە زۆر بە دەسیان هێنا بوو.
کەس و کاری زیندانییەکان و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیانی شاری دیاربەکر ڕۆژانی مانگرتنەکە زۆر بەگەرمی پشتگیری زیندانییەکانیان کرد.
١٦/ ئایار/١٩٨٨ سێ ئافرەت «سالحە شەنەر، رەحمە شاهێن و ئافرەتێکی تر» بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر زوڵم و زۆری رژێمی فاشی تورکیا دەرهەق بە زیندانییە سیاسییەکان و بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ڕای گشتی تورکیا و جیهان لە بەردەرکی سەرای دیاربەکر دا ئاگریان بەردایە گیانی خۆیان، دوای ئەوەی خەڵکەکە بە فریایان کەوتن و لە مردن رزگاریان کردن.. لە بری ئەوەی ببرێن بۆ نەخۆشخانە و تیمار بکرێن، پۆلیس ئەوانیشی بەرەو گرتوخانەکان راپێچ کرد.. هەر ئەو رۆژە ئەمجارەش فاشییەکان لە بەردەم داواکارییە رەواکانی زیندانییەکاندا ملیان کەچ کرد.

ئاوڕ دانەوە:-

زیندانییە سیاسییەکانی ناو زیندانی عەسکەری دیاربەکر بۆ بەدەست هێنانی هەندێ مافی مرۆڤایەتی خۆیان چەند جارێک لە ناو زیندانەکەیانەوە مانیان لە نان خواردن گرتوە و بەرامبەر زوڵم و زۆرداری و رەفتاری فاشیانەی دەستەلاتداران دەنگی بێزاری و نارەزاییی خۆیان بەرز کردۆتەوە و ژیان و چارەنوسی خۆیان خستۆتە مەترسییەوە.. چەندەها قوربانیان داوە و بە خوێنی گەشیان توانیویانە هەندێ لەو مافە بنەڕەتیانەی مرۆڤ بەدەست بێنن وەک:-

١- بە ئارەزو ئەشکەنجە نەدرێن و زوڵم و زۆریان لێ نەکرێت.

www.arsivakurd.org

عێراق» ی دەرسکێ، ئەوەش بۆخۆی بەرهەمی ئەو پێکهاتنە گشتییەی دوو ساڵانی دوایی‌یە و تەئکیدی ئەوەشە کە بەرە چەکێکی بە راست گەڕاوی کاریگەرە بۆ بەرگرتن و رووخاندنی رژێمە سەرکوتکەرەکان....

گیانی بەرەیی راستەقینە دەتوانێ ئەو کەلێنانە بگرێ کە دوژمن دەیەوێ سوودیان لێ وەرگرێ و پیلانە گڵاوەکانی بە هۆیانەوە جێبەجێ بکات. بەر لە هەر شتێکیش، خەباتی بەرەیی لە هەل و مەرجی ئەمڕۆدا، چوارچێوەی هەرە باڵایە کە یەکێتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە دەرێ و نێوخۆدا بەرجەستە بکات و دەنگی یەکگرتوو و هێزی راستەقینەی لەبەرچاوی هەموان بەدیارخات...

ئیمڕۆ ئەو هەلە بەوە گەیشت کە هەموان لەسەر پرۆگرام و پێرەوی نێوخۆی رێکەون کە لە بەرایی ئەرکەکانی‌دا ئەوە دیاری کراوە کە هەوڵ دەدات بۆ زەمینە خۆشکردنی بەرەیەکی نیشتمانی فراوانی عێراقی بۆ رێکخستن و بەگەڕخستنی وزەو توانای گەلی عێراقیمان بە هەموو نەتەوە و بەرە و لایەن و هێزێکی نیشتمانی بەرەنگارەوەبووی دیکتاتۆری فاشی و شەڕخواز، بۆ رووخاندنی رژێمی دیکتاتۆری و دامەزراندنی حکومەتێکی ئیئتلافی نیشتمانی و دیموکراسی کە دەسبەری بەدیهێنانی مافەکانی گەل و ئازادییە دیموکراتیەکانی بێ و هەموو مافە نەتەوایەتییە رەواکانی گەلی کوردیش مسۆگەر بکات.

بەرە لەسەر بناغەی چارەسەری ئاشتیانەی رەوای مەسەلەی کورد لە کوردستاندا بۆ کۆتایی هێنان بەو جەنگی لەنێوبردنە رەگەزپەرستانەیەی تاقمە فاشییەکەی رژێم بەسەر گەلی کوردیاندا سەپاندووە تێدەکۆشێ.

تاقمە دیکتاتۆریە فاشییەکە و دەزگاکانی راگەیاندنی سەر بە ئیمپریالیزم لە هەوڵی ئەوەدان کە مەسەلەی رەوای گەلەکەمان بە جەنگی ئێران و عێراق چەواشە کەن و داپۆشن. لە کاتێکدا کە جەنگی شۆڤێنیانەی دژبە گەلەکەمان لە جەنگی ئێران و عێراق جوێیە و تا بەدەست خستنی ئامامجە رەواکانی هەر بەردەوام دەبێت.

چارەسەری مەبدەئی و راستەقینەی مەسەلەی کورد ناکرێ، تەنیا بەدەست خستنی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی نەبێت، بەوەی کە ئەوە چارەسەری شۆڕشگێڕانەی بنەڕەتی و رەوای ئەو مەسەلەیەیە.

بە بەرچاوگرتنی هەل و مەرجی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، بەرە بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی عێراقدا و بەکارهێنانی گشت مافە نەتەوایەتییە رەواکانی بە پێی باری هەڵکەوت و بۆ نەهێشتنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد و کەمایەتییە نەتەوەییەکان و پێمانەوەی سیاسەتی جیاخوازیی نەتەوایەتی و ئایینی و تایەفەیی تێدەکۆشێ ..

بەرەی کوردستانی عێراق بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگی ئێران و عێراق و سزادانی ئەو تاقمە دیکتاتۆرییە، وەک تاوانباری جەنگ، تێدەکۆشێ و خەبات دەکات بۆ بەرقەرارکردنی پەیوەندی دۆستانەی هاوسێیەتی و پتەوکردنی هاوکاری نێوان هەردوو گەلەکە دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی و بۆ مسۆگەرکردنی ویستی گەلی عێراق لە هەڵبژاردنی خۆویستی ئازادانەی رژێمی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی ...

بەرە هاوکاری تەواوی خۆی رادەگەیەنێ لەگەڵ راپەڕینی مەردانەی جەماوەری فەلەستینی کلۆپە سەندوو لە بەرەی رۆژئاوا و کەرتی غەززەی داگیرکراو...

## رۆڵە بەشەرەفەکانی کوردستان: ئەمە بەرەی ئێوەیە

ئیمڕۆ مژدەی پێکهاتنی بەرەی تێکۆشانی کوردستانیتان دەدەینێ کە بۆ یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە و دەزگاکانی شۆڕش تا سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد بکات، کە دەمێکە لە خەباتدان. بۆ ئازادی نەتەوەییتان و ئازاد بوونتان لە چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و لەناوبردنی کارەساتەکانی ئەو شەڕە چەپەڵە و رزگارکردنی کوردستان لە بەعەرەبکردن و سڕینەوەی سیمای نەتەوایەتی و لە پێناوی ئازادی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بانگتان دەکەین کە لەدەوری بەرەکەتان گرد ببنەوە و لە خۆتانی بگرن و وزە و توانا و هەست و نەستتانی بدەنێ. ئەمەش ئەو مەرجەیە کە دەبێ برەخسێندرێ بۆ سەرکەوتنی ویست و خواستەکانتان.

بەرەو بەشداریی فراوان و کاریگەر، لە هەموو بوارەکانی خەباتدا، بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجەتان هەنگاو هەڵبێنن کە دەیان هەزار قوربانیتان بۆ داوە.

٢ی ئایاری ١٩٨٨

www.arsivakurd.org



Foto: Ji Kurdistan Press

نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ (ئێران و عێراق).
٤- مسۆگەرکردنی مافە نەتەوایەتییە ڕەواکانی گەلی کورد لەسەر بناغەی فیدرالی.
٥- بەرگری کردن لە کەمایەتییە نەتەوایەتی و ئاینییەکان و خەباتکردن بۆ هێنانە دی مافە رۆشنبیری و ئیدارییەکان.

ئەمجارەش لە ٢/ئایاری ئەمساڵدا بەیاننامەی دامەزراندنی بەرەی کوردستانی عێراق بڵاوکرایەوە.

لەم بار و زرووفە سەختەی ئێستای کوردستاندا کە داگیرکەران تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنن و سیاسەتی بنەبڕکردنی گەلەکەمان و وێران کردنی شار و گوندەکان و چۆڵکردنی نیشتمانەکەمانیان گرتۆتە بەر و بە کوشندەترین ژەهری کیمیایی هەزاران بێ تاوان شەهید دەکەن .. لەم بار و زرووفەدا کە کوردستان کەوتۆتە نێو دوو بەرداشی جەنگە وێرانکەرەکەی ئێران و عێراق، هەر هەنگاوێکی راست ئاسۆیەکی روونکتر دەردەخات و ترووسکایی و هیوا و گەشبینی دەخاتە نێو دڵی دڵسۆزانی بزووتنەوە ئازادیخوازەکەمان ...

پارتیە خەباتگێڕەکانی کوردستان بە گەیشتنیان بەو ئامانجە پیرۆزە ئەرکێکی مێژوویی گرنگی سەرشانی خۆیان بەجێ هێناوە.

# چەند بڕگەیەک لە بەیاننامەی بەرەی کوردستانی عێراق

لەبەر هەستی لێپرسینەوەی مێژوویی بەرامبەر چارەنووسی گەلی کوردمان و مەسەلە ڕەواکەی و لە دەرک کردن بە پێداویستەکانی خەباتێکی سەرکەوتووانەبۆ جۆشدانی وزە و تواناکانی گەلەکەمان، حیزبە تێکۆشەرەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان «پارتی سۆسیالیستی کورد،(پاسۆک)، یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، حیزبی شیوعی عێراق، پارتی دیموکراتی گەلی کوردستان، حیزبی سۆسیالیستی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆتایی نیسان و سەرەتای ئایاری ١٩٨٨دا کۆبوونەوە و چۆنییەتی یەکخستنی تێکۆشانی دژ بە فاشییەت و جەنگیان خستە بەر باس و گەیشتنە بڕیارە مێژووییەکەیان بە دامەزراندنی «بەرەی کوردستانی عێراق»ی تێکۆشەر، وەک ئامرازێکی تاقیکراوە بۆ ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد، بەیەکخستنی هێز و دەزگاکانی شۆڕشەکەی و لە پێناوی بەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی دیکتاتۆری و زەبروزەنگی هەمەلایەنەی بەرامبەر گەلی عێراق بە گشتی و بەرامبەر گەلی کورد بە تایبەتی.

لەنێو دار و پەردووی کاولکراوی کوردستانی عێراقەوە، هیوای گەورە دەتریسکێتەوە کە لێوەی «بەرەی کوردستانی

www.arsivakurdi.org

شەهید و شۆڕش وردە وردە کاڵ دەبۆوە ... خەڵکێکی زۆری خاوەن تواناو و وزە لە شۆڕشەکە تەکینەوە، زیادە ڕۆیی نییە گەر بوترێ زیادبوونی جاش لە کوردستانا بەو شێوە بێ وێنەیە (جگە لە هۆکاری جەنگی ئێران و عێراق) ئەو پەرت و بڵاوی و براکوژی و هیوا براوییەش دەوری خۆی تیا بینیوە.

نەبوونی تەبایی و بەرەیەکی کوردستانی لە کوردستانی خوارووا بووە هۆی دروست بوونی چەند بەرە و هەڤگرتنێکی جۆراوجۆری دژ بەیەک کە لە بری خەباتی هاوبەش، دژی ڕژێمی دیکتاتۆری، زۆر جاران کوردستان بووە بە گۆڕەپانی یەکلایی کردنەوەی ناکۆکییەکان و خوێنی پێشمەرگەی بە ناهەق تیا کراوەتە کاسەوە ... لەجۆرە بار و زروفێکی وا ئاڵۆزدا دەشێ زۆر هەل و ڕێکەوتی مێژوویی بەخۆڕایی لەدەست بدرێ و سوودیان لێ وەرنەگیرێت.

لە کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەدا کە ئیمرۆ چەند پارتی و ڕێکخراوی سیاسی و شۆڕشگێڕ هەیە کە هەندێ جار خاوەن بیروڕا و بۆچوونی جیاوازن، بۆ گەیاندنی بزووتنەوەکە بە ئامانجە ڕەواکانی زۆر ئاساییە کە لە هەندێ حاڵەتدا ناکۆکی لاوەکی لە نێوانیاندا هەبێت، لە کاتی نەبوونی تەبایی، نەبوونی بەرەیەک، بۆ ئەوەی سەر بۆ یەکتر دانەنەوێنن و هەر یەک بۆچوونی خۆی بسەپێنێ، وا ڕوو دەدات کە پەنا ببرێتە بەر دوژمنان و داگیرکەران بۆ لێدان و سەرکوتکردنی لایەنەکەی تر. بەڵام لە چوارچێوەی بەرەیەکی یەکگرتوودا دەشێ بەئاسانی بە شێوەیەکی برایانە، بە گیانی لەخۆبووردنەوە ئەو گیروگرفتە لاوەکییانە چارەسەر بکرێن و زاڵ نەکرێن بەسەر ناکۆکییە سەرەکییەکەدا کە لە نێوان دوو هێزی ناهاوتای دژ بە یەکدایە، واتە هێزی سەرجەمی بزووتنەوە ئازادیخوازیەکەمان و هێزی دوژمنە داگیرکەرەکان، کە دەبوایە هەر لە سەرەتای هەڵگیرساندنی ئەم شۆڕشە نوێیە گشت تواناکان بەرەو ئەم ئارمانجە ئاراستە بکرانایە.

یەکێک لە هەرە گیروگرفتە مەزن و ئاڵۆزەکانیش کە دووچاری بزووتنەوەکەمان ببوو، مەسەلەی داڕشتنی درووشم بوو، کە دامەرزاندنی ئەم بەرەیە مژدەی چارەسەرکردنی دەدات. بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازی بەرفراوانی وەک بزووتنەوەکەمان کە خاوەنی دەیان هەزار شەهید و هەزاران گوندی سووتاو و جۆرەها قوربانیی ترە پێویستی بە درووشمێکی واقیعی و مەوزوعیە کە دەربڕی هەست و ویستی گەلی کورد بێ و بە شێوەیەکی زانستی ڕوون بکرێتەوە و بواری «تأویل» کردنی تیا نەهێڵدرێتەوە کە بەپێی شوێن و کات و بەرژەوەندی کاتی و تایبەتی هەندێک لایەن یان هەندێک کەس ملی پێ لار بکرێتەوە.

دوای ئەو تاقیکردنەوە تاڵانەی ساڵانی پێشوو کە دەشێ بەتەواوی پەندیان لێ وەربگیردرێت و ڕێگا نەدرێت بە دووپات بوونەوەیان و چی تر کوردستان نەکرێ بە تاقیگە، دوو ساڵ زیاترە ئاشتبوونەوەی گشتی هەیە لە نێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا ... لەو کاتەوە چەندین کۆبوونەوەی سیاسی نێوان سەرکردایەتییەکان و چالاکیی شۆڕشگێڕی هاوبەش ئەنجام دراون و نەخشە کێشراوە بۆ دامەزراندنی ئەم بەرە کوردستانییە چاوەڕوانکراوە. لە ٣٠ تەمموزی ١٩٨٧دا بەیاننامەیەکی پێنج قوڵی گرنگ



Foto: S. Zaxoyi

بڵاوکرایەوە سەبارەت بەم مەسەلەیە کە تیایدا نووسرابوو «لە کۆبوونەوەکەماندا گەیشتینە ئەوەی کە پێویستە بەرەی کوردستانی دابمەزرێندرێ» تا لە پێناوی ئەم ئامانجە نیشتمانییە پیرۆزانەدا کار بکات:

١- کارکردن بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانی لە عێراق.

٢- ڕوخاندنی ڕژێمی فاشی ڕەگەزپەرست و دامەزراندنی ڕژێمێکی نیشتمانی لە عێراقدا کە وڵات بخاتە سەر ڕێی بەرەوپێشەوە چوونی کۆمەڵایەتی و بیخاتە ڕیزی پێشەوەی بەرهەڵستکارانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و کۆنەپەرستی.

٣- کۆتایی هێنان بە جەنگ و بەدیهێنانی ئاشتیی ڕەوا لە

www.arsivakurdi.org

# بەرەی کوردستانی لە عێراق

## *هەنگاوێکی نوێ بەرەو رێگای راستی خەبات*




## ئامادەکردنی دابان

پاش هەرەسەکەی شۆڕشی ئەیلول، لە کوردستانی خواروو، زۆر گۆڕانکاری روویداوە و کێشە رەواکەمان لەم پارچە داگیرکراوەی نیشتمانەکەماندا لەبەر چەندین هۆکاری خۆیی و بابەتی دووچاری گەلێک باری ناهەموار بووە، کە وەک نەخۆشی گەر چارەسەر نەکرێن لە ناوەوە شۆڕشەکە دادەڕزێنن و پوچەڵی دەکەن.

دامەزراندنی بەرەی کوردستانی کە ئاواتی چەند ساڵەی جەماوەری رەش و رووتی کوردستانە، هەنگاوێکی مێژوویی و دروستە بۆ سەرکێشی کردنی بزوتنەوە ئازادیخوازەکەمان و دوورخستنەوەی لە ئیحتمالی دووبارەبوونەوەی ئاشبەتاڵ و سەرگەردانی و ماڵوێرانی و کۆست کەوتنی زیاتر.

لە کاتی نەبوونی پارتێکی پێشرەو یان سەرکردەیەکی میللیدا کە بتوانێ سەرتاپای خەڵکی بە لای خۆیدا رابکێشێ، بوونی چەند پارتێک کە خاوەن بیروراو بۆچونی جیاوازن لە هێڵە گشتیەکان و دوائامانجدا یەکن، گەر لە بەرەیەکدا کۆببنەوە و هەر یەک بە ئازادی بۆ مەبەستە گشتیەکە خەبات بکات، کارێکی سروشتیە و لەلایەن هەندێ لە بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی جیهانەوە بەسەرکەوتوویی تاقیکراوەتەوە ....

بە تێپەڕبوونی کەمتر لە ساڵێک، بە پێچەوانەی ویست و خواست و لاف و گەزافی دوژمنان، دوای هەرەسەکەی ساڵی ١٩٧٥، لەسەر چیاسەرکەشەکانی کوردستان جارێکی تریش بڵێسەی ئاگری شۆڕشی چەکداری بەرز بۆوە و هیوای ئاسۆیەکی نوێی بەخشی بە گەلی کورد ...

ئەنجام ئەوە بوو کە بۆچوون و بیروڕای جیاواز پێشکەش کرا بۆ چۆنیەتی شۆڕش و گەیشتن بە ئامانجەکانی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد ...

چەندین هێز و حیزبی سیاسی دامەزرێندران ... بەڵام لەبەر نەبوونی بەرەیەک لە کوردستان کە بتوانی خەباتیان یەک بخات و لە چوارچێوەیدا چارەسەری ناکۆکیە لاوەکیەکان بکرێ، ماوەیەکی دوور و درێژی پڕ لە ژان و ئازار، ئاگر و ئاسن حەکەمی نێوان ئەو هێزە چەکدارانە بوو ... کوردستان کە لەلایەن داگیرکەرانەوە پارچەپارچە کراوە و لەلایەن خۆشمانەوە زیاتر لەت و پەت کراوە و هەر یەکە بەپێی توانا و دەسەلاتی خۆی لەو «زەوییە ئازادکراوانە»ی پاوان دەکرد و «خەبات»ی دەکرد، بەبێ رەزامەندی خۆی پێشمەرگەی هێزەکانی تر نەتوانن پێ بخەنە سنووریەوە ... بزووتنەوەکە وەک کەشتیی ناو گەرداو کەوتە ناو چەندین تاقیکردنەوەی تاڵ و سەخت و پڕ مەترسی کە لە هەموویان نالەبارتر و سامناکتر ئەو براکوژییە درێژخایەنە بوو کە سەدان پێشمەرگەی ئازا و دڵسۆز و بەوەفای کوردستان بەدەستی یەکتر خوێنیان رژا ... گەر هیچ هۆیەکی تریش نەبێت، تەنیا بۆ لەناوبردنی تارمایی رەشی براکوژی و دووبارەنەبوونەوەی بەفیڕۆدانی خوێنی پێشمەرگە بەدەستی پێشمەرگە پێویستیمان بە دامەزراندنی ئەم جۆرە بەرەیە هەیە کە ئاشکرایە هۆی تریش یەکجار زۆرە.

ئەو هیوا و رۆشناییەی سەرهەڵدانەوەی شۆڕش خستییە دڵی جەماوەرەوە لەبەر توندی و سەختی و ناڕەوایی شەڕی براکوژیدا کز و بێ شەوق دەبوو... بێ بڕوایی تەشەنەی کرد... ئەو پیرۆزییە ئەفسانایییەی وشەی پێشمەرگە و

www.arsivakurdi.org

# سروودی هەڵەبجە

شیعری /ی. وەرزێر
نەورۆزی ١٩٨٨
ئیتالیا

*سەرەتا:*

دەبێ شیعری مەرگەساتێ
شیعری شەهیدبوونی شارێ
بە وشەی کام ماتەمینی
کام شۆڕش و جیهان بینی
دەست پێ بکەم بەبێ گریان
بنووسم و بڵێم ژیان ؟!

* * *

*ئێزگەی رادیۆی شۆڕش:*

هاوار خەڵکینە، خواکانی ئاسمان
هاوار ئەی سروشت، داروبەردی جوان
هاوار ئەی دەریا و ئەی رووبار و چەم
هاوار ئەی خەندە و بزە و ئێش و خەم
هاوار بۆ ئێوە ئەی ئاشتی خوازان
هاواری مەرگە، دەنگی کوردستان

* * *

*دەنگی شاعیر:*

-١-

نا خەڵکینە ئەمەی دەیڵێم
شیعر نییە گوێ مەگرن لێم
ئەمە سەرەتای شێت بوونە
هاواری پاش لەناوچوونە
قیژەی مەرگی هەزارانە
سەمفۆنیای بۆمبابارانە

* * *

-٢-

ئەی خەڵکینە ئەمەی دەیڵێم
مەرگێکە هاتۆتە سەر رێم
شیوەنێکی پڕ مانایە
چواردە ساڵە لە دڵمایە
ئەمە شیعرێکە هی مردن
هی کوردستان کاولکردن

* * *

-٣-

وتم ئیتر ناگریم تا هەم
باوەش ناگرمەوە بۆ خەم
بەڵام دوژمنی کوردستان
لەناکاو هات وەکو زریان
بەهاری کردینە خەزان
هەزاران گوڵی هەڵوەران
بۆیە باوەشم پڕ خەمە
ئەم ژیانەم لا ستەمە
فرمێسکی چاوی کورد ئەمڕۆ
نیشانەی سەدەی بیستەمە

* * *

*دەنگی کورد:*

هاوار خەڵکینە فریامان کەون
گورگی هار کۆرپەی دڵی فرانووین
ئەی ئاشتی خوازان کەی باسمان دەکەن
لە هەرچوارلاوە خاکیان سووتانووین
کۆرپەی ساوامان لە بێشکەی مەرگا
فێردەبێ بڵێ: بژی پێشمەرگە
یان لە سەنگەرا، یان بن سێدارە
هیوای ئازادی کوردمان لێ دیارە

* * *

*دەنگی پێشمەرگە:*

شۆڕش وا دەکرێ، شار کاول ببێ
گەورە و بچوکمان هەر ئاوارە بێ
ئەمڕۆ یان سبەی هەر دەبێ شاد بین
لەم ژێردەستی یە دەبێ رزگار بین
جیهان گوێ بگرن ... شەهیدان دەڵێن
بۆ کورد و خاک و شۆڕشە بەڵێن
«مەرجە تا ماوین هەر پێشمەرگە بین
قوربانی خاک و ئائەم رێ یە بین»*

---

دێڕی ناو کەوانەکە هی شاعیرێکی دیکەیە و لێرەدا بە پێی پێویست کەڵکمان لێ وەرگرتووە و دووبارەمان کردۆتەوە.

www.arsivakurdi.org

## دۆستانی هێژا

میللەتی ئێمە کە گەورەترین میللەتە لە جیهاندا تا ئیمڕۆ مافی چارەنووس و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نییە و نیشتمانەکەی پارچەپارچەکراوە و بەدەست داگیرکەرانەوە دەناڵێنێ و لە زۆر مافی سادە و ئاسایی مرۆڤایەتی بێ بەری کراوە ... بواری راگەیاندن و چاپەمەنی کوردی وەک زۆربەی لایەنەکانی تری ژیان لە کوردستاندا لە بارێکی سەخت و دژواردایە ... لە دوو پارچەی وڵاتەکەماندا هەر بەتەواوی بە کوردی نووسین و بڵاوکردنەوە قەدەخەیە و لە دوانەکەی تریشدا لە ژێر فشار و زەبروزەنگی رەقابەدا بە هەناسە سواری و کولەمەرگی دەژی.

لە هەندەرانیش ئەوەی مایەی دڵخۆشکردنە، ئەوەیە کە لە چەند وڵاتێک هەلی لەبار رەخساوە بۆ کوردە ئاوارەکان کە بتوانن بە ئازادی، چالاکی خۆیان بنوێنن و چەندین گۆڤار و رۆژنامە بە زمانی کوردی یان بە زمانە بیانییەکان سەبارەت بە کورد و کوردستان بڵاوبکەنەوە.

سود وەرگرتن لەو هەلە رەخساوانە و بەفیڕۆنەدانیان و بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندیی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلەکەمان و بۆ ریسواکردنی داگیرکەران و بەرەوپێشەوە بردنی زمان و ئەدەبی کوردی لە ئەستۆی هەموو دڵسۆزانە.

لە پێناوی ئەو ئامانجەدا، گۆڤاری «بەربانگ» شان بە شانی گۆڤار و رۆژنامە و چاپەمەنییە کوردییەکانی تری دەرەوەی وڵات کار دەکات.

بۆ ئەوەی ئەم گۆڤارە، مانگانە بە رێکوپێکی و بەناوەرۆکێکی دەوڵەمەندەوە بگاتە بەردەستی خوێنەران، تکا لە هەموو کوردێکی دڵسۆزی خاوەن توانا دەکەین، کە پێشکەوتنی راگەیاندنی کوردیان بەلاوە مەبەستە، هاوکاریمان لەگەڵ بکەن، بابەتی هەمەچەشنەی نووسینی بۆ رەوانە بکەن، بە رەخنەی زانستی دڵسۆزانە رێنمایی بکەن.

*لەگەڵ سڵاوی دۆستانەی*

*دەستەی نووسەران*


# بەربانگ

ئۆرگانی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانە لە سوید

بەرپرسیار:

مەحموود لەوەندی

دەستەی نووسەران:

باقی نازی، دارا رەشید،

س. رێڤینگ، مونەیەد تەیب

ئابونەی ساڵانە ١٠٠ کرۆنی سویدیە بۆ دەزگاکان ٢٠٠ کرۆنی سویدیە

دەستەی نووسەران بەرپرسیار نیە لە نووسین و وتارەکانی فیدراسیۆن.
ئەو نووسینانەی بۆ بەربانگ دێ، گەر بڵاو نەکرێتەوە بۆ خاوەنەکەی ناگەڕێتەوە.



ناونیشان: Berbang
Box. 45205, 104 30 Stockholm
پۆستگیرۆ: 643880-8
تەلەفۆن: 08-68 60 60



**Sal:7, Hejmar:6/88(51), 30.06.1988**

Författares Bokmaskin
Stockholm 1988


www.arsivakurd.org

# بەربانگ

گۆڤاری فەدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکانە لە سوێد



بەرەی کوردستانی لە عێراق

هەنگاوێکی نوێ بەرەو رێگای راستی خەبات